# یاقوتی حەمەوی
# ژیاننامە و کتێبی (معجم البلدان)

د . نەبەز مەجید ئەمین
زانکۆی سلێمانی / کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

## بەرایی

کتێبە جوگرافییو گەشتیەکان زانیاری بە پێزو بە نرخ سەبارەت بە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان پێشکەش دەکەن وێڕای هەندێك ئاماژە پێکردن بەلایەنە سیاسی و سەربازیەکان ، بە ئەندازەیەك دەتوانین بڵێن ئەم جۆرە زانیاریانە تەواوکەری کتێبە مێژووییەکانە ، ئەوەی ئەم کتێبانە بەهادارتر دەکات ، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرەکانی ئەوەی بینیبێتیان نووسیویانە ، بۆیە نووسینەکانیان وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەو دۆخە پیشان دەدات کە باسیان لێ کردووە ، لێرەدا نرخی گەشت و گەڕیدەکان بەدەر دەکەوێت بۆ وەسف کردنی ڕۆشنبیریە مرۆڤایەتیەکان لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بۆیە نووسینی گەڕیدەکان لایەنەکانی بەشێك لە شارستانیەتی سەردەمەکەیان وێنە دەکات ، جا بۆچون و بیرو باوەڕی تاکە کەسی خۆیان هەر چۆنێك بوو بێت ، وێڕای وەسف کردنی ڕۆشنبیری وڵاتانێك و گەلانێك کە تێکەڵاویان کردوون.

( یاقوت حەمەوی ) چەندین سەرگوزشتە سەبارەت بەو لایەنانە دەگێڕێتەوە ، وێڕای ئەوەی یارمەتی لێکۆڵیاری مێژوو دەدات بەوەی زۆربەی شوێنەکانی لە جیهانی ئیسلامیدا دەست نیشان کردووە هەرچەندە بچوکیش بووبێت یا دوور و پەڕ بووبێت، ئەوەی زێتر گرنگی( یاقوت حەمەوی ) و بەها زانستیەکەی بەدەر دەخات ئەو جۆرە ڕێبازەیەتی کەلە جوگرافیی ناسەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە.

باسە کە بەسەر پێنج بەش دابەش کراوە ، لە بەشی یەکەمدا باس لەسەر گوزشتەی( یاقوتی حەمەوی )و سەردەمەکەی و بەرهەمە زانستیەکانی کراوە ، لەگەڵ ڕاو بۆ چوونی هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە سەرهاتی ژیانی و بەشێوەیەکی دوور و درێژ باسمان لە ناو نازناو لەدایك بوون و گەشەکردنی کردووە ، بەڵام کاتێك هاتوینەتە سەر سەردەمەکەی ئەوا باسمان لە بارودۆخی جیهانی ئیسلامی کردووە لەو ماوەیەی کە تێیدا ژیاوە ، دواتر باسمان لە بەرهەمە زانستیەکەی کردووە و ئاماژەمان بەڕاو بۆچوونی هەندێك لەڕۆژهەڵاتناسان کردووە سەبارەت بەکتێبە بەنرخەکەی ( معجم البلدان ) .

لە بەشی دووەمدا ، باسمان لە گەشتەکانی کردووە ، کە چۆن یاقوتی حەمەوی سودێکی زۆری لێیان وەرگرتووە ، ئەو بابەتەی لەو گەشتانەدا کە لە وولات و شارە جیاجیاکاندا کۆیکردۆتەوە یارمەتیەکی زۆری داوە لە نوسینی کتێبەکانیدا ئەم گەشتانە فاکتەرێکی سەرەکی بوون کە یاریدەیان داوە بۆ پێشکەوتنی زانستیو زاخاودانی مێشکی بەڕۆشنبیریە جۆراو جۆرەکان .

لە بەشی سێهەمدا باسم لە ناوەڕۆکی پێشەکیەکەی ( معجم البلدان ) کردووە ، چۆن یاقوت بە دوور درێژی باسی لەو هۆیانە کردووە کە هانیان داوە بۆ دانانی ( معجم البلدان ) و ویستی ئەو لە دانانی (معجم البلدان )و ئەو ڕێبازو شێوازەی لەکاتی نوسینی کتێبەکەیدا پەیڕەوی کردووە .

له بەشی چوارەمدا باسمان لە جۆری دابەش کردنی ( معجم البلدان )و خستنە ڕووی ناوەڕۆکەکەی کردووە کە یاقوتی حەمەوی بەکاری هێناوەو دابەشی کردووە بەسەر پێنج بەشدا ، لەوێدا حەمەوی باس لە جوگرافیای سروشتی و هەندێك زاراوە و دەنگوباسی پەیوەست بەکارە زانستیەکەوە دەکات ، بەڵام لەبەشی پێنجەمدا باسمان لەکەرەستەو ناوەڕۆکی ( معجم البلدان ) کردووە ، کە ناوەڕۆك و کەرەستەیەکی هەمەڕەنگ و پڕ لە زانیاری جوگرافی و ئاینی و مێژووی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتیە لە وڵاتانی ئیسلامیدا ، هەندێك جار وڵاتانی ناموسڵمانیشی گرتۆتەوە .

ئەوسەرچاوانەی کە بۆ نوسینی ئەم باسە پشتم پێ بەستوون بریتین لە کۆمەڵە سەرچاوەیەکی جۆراو جۆر کە لە پێش هەموویانەوە خودی کتێبی (معجم البدان) خۆیەتی شایەنی ئامارە پێکردنە کە بەشی زۆری ئەو زانیاریانەی لەم باسە هاتووە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە هەمان کتێب وەرگیراون .

(ئیبن خەلەکان) بە هۆی کتێبی ( وفیات الاعیان) ەوە ، سودی پێ گەیاندوم کە توانیومە هەندێ لایەنی گرنگی پێ ئاشکرا بکەم ، وەك ئەوەی باس لەبەرهەمەکانی یاقوت و سەرگوزشتەی ژیانی کردووە ، بەڵام سەرچاوە نوێ و هاوچەرخەکان کەمێك بەدرێژی باسیان لە کەسێتی یاقوت حەمەوی کردووە ، بە تایبەتی سەرگوزشتەی ژیان و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی و گرنگی جوگرافی و مێژوویی ، لەو کتێبە نوێیانە کتێبی ( یاقوت الحموی الجغرافی الرحالە الادیب ) دانەرەکەی ( ابو الفتوح محمد التوانسی )یە ، هەروەها سودم لە کتێبی ( تأریخ الادب الجغرافی ) ڕۆژهەڵاتناس کراچکۆفسکی وەرگرتووە بۆ دەرخستنی هەندێك زانیاری گرنگ سەبارەت بە ژیانی یاقوت و شوێن پەنجەی لە پێشخستنی زانستە جوگرافیەکان دا، بەڵام سەرچاوەکانی دیکە کەلە باسەکەدا ناویان هاتووە و ئامارەیان پێکراوە ئەوا بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوەکانی پێشودا لە ڕووی گرنگیەوە بە پلەی دووەم دێن.

# بەشی یەکەم

## ژیان و سەردەم و بەرهەمە زانستیەکانی

### ١- ژیانی :-

### ا - نازناوی

گومانی تێدا نیە کە ژیانی یاقوتی حەمەوی لە ڕووی گرنگیەوە هیچ کەمتر نیە لەبەرهەمەکانی ، چونکە ئەوە بەڵگەیەکی دیکەی بلیمەت و ئاسۆ فراوانی ئەو کەسایەتیە زانستیانەیە کە پێی ناسراون و لەسەر بنەماکانیان شارستانێتی ئیسلامی دامەزرێنارە ، دەشێ بیرۆکەیەك سەبارەت بە ژیاننامەی پێك بهێنن بە پشت بەستن بەو ئامارژانەی لە ( معجم البلدان )دا هاتوون ، هەروەها بەوەی لەلایەن مێژوونوسانەوە لەسەری نوسراوە بەتایبەتی خاوەن یاداشت و سەرگوزشتەکان [1].

ناوی ئەبو عەبدوڵڵا یاقوت کوڕی عەبدوڵڵای حەمەوی بەغدادیە [2] ، لای موسڵمانەکان لەو سەردەمەدا وابا‌و بوو کە کۆیلە و بەندەکان بەناوی بەردە پیرۆز و بەنرخەکانەوە ناو دێر بکرێن وەك ( زومروود ، یاقوت ، کافور ) بۆیە ناوی لێنراوە یاقوت [3] لەبەر ئەوەی ناوی باوکی نەزانراوە بۆیە ناونراوە عەبدوڵڵا ، بووە بە یاقوت کوڕی عەبدوڵڵا [4] یاقوت دواتر هەوڵیداوە کەوا ناوێکی دیکە بۆ خۆی بدۆزێتەوە لە ناوەکەی خۆی نزیك بێت بەڵام مانایەکی کۆیلەیی پێوە نەبێت ئەویش ( یعقوب ) [5]ە ، بەڵام ناوە کۆنەکەی ( یاقوت ) پێوەی لکابوو ، وە بەسەریدا چەسپا بوو چ لەلای هاوسەردەمەکەی یا نەوەکانی دوای خۆی و یا دەزگا زانستیەکان [6] ، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە نازناوەکەی ( ڕۆمی _ حەمەوی _ بەغدادی ) ەوە هەبێت تێبینی ئەوە دەکەین کە سەبارەت بە چەند شوێنێکی تایبەت هاتون ، بۆ وێنە (ڕۆمی) مەبەست لە وڵاتی (ڕوم) ە کە لەوێ لە دایك بووە ، دوورنیەکە بە ڕەچەڵەك گریکی بێت [7] لە کاتێکدا بە ( حەمەوی ) ناسراوە ، ئەویش بەهۆی ناز ناوی خاوەنەکەی ( عسکر بن نصر الحموی ) ەوە هاتووە کە بازرگانێکی خەڵکی شاری ( حەما ) بووە و لە بەغداد نیشتەجێ بووە [8] ، بەڵام نازناوی ( بەغدادی ) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆری ژیانی لە سەرەتادا لە بەغدا بووە هەر لەوێش ژنی هێناوە. [9]

### ب_ لەدایك بوون و گەشەکردنی

یاقوت ساڵی (٥٧٥ ك - ١١٧٩ ز) لە وڵاتی ڕۆم لە دایك بووە [10] ( وڵاتی ئەنادۆڵ و ئاسیای بچوك )، بە تەمەن منداڵ بووە کاتێك لەلایەن موسڵمانەکانەوە بەدیل گیراوە [11] بەڵام سەرگوزشتە مێژووییەکان بەتایبەت ئەوانەی لە کتێبەکانی یادداشت و ژیاننامەکاندا هاتووە باس لەوە ناکات کە چ کاتێك و لە چ شوێنێك لەلایەن موسڵمانەکانەوە بەدیل گیراوە .

هەرچۆنێك بێت بە دیلێتی هێنراوەتە بەغداو بازرگانێکی خەڵکی شاری ( حەما )و دانیشتوی بەغدا کڕیویەتی ئەویش ( عسکر بن ابی نصر ابراهیم الحموی ) [12] بووە لە کاتێکدا ( جاك - س - ریسلر ) واباسی لێوە دەکات کە کۆیلەیەکی یۆنانی بووە و دواتر ئازاد کراوە و لە وڵاتی ئیسلامدا ماوەتەوە [13] ، بێ ئەوەی باس لەو پەیوەندیەی نێوان یاقوت و بازرگانەکەی خەڵکی ( حەما ) بکات کە ئەم پەیوەندیە گرنگیەکی یەکجار زۆری هەیە لە گەشەکردن و بەرە و پێش چوونی ژیانی زانستی یاقوت و توانینی بە ئەنجام دانی گەشتە بازرگانیەکانی [14] لە بەر ئەو ناکرێت پشت بە گێڕانەوەکەی ببەستین چونکە هیچ بەڵگەیەکی سەبارەت بەڕاستی بۆ چوونەکەی نەهێناوەتەوە ئەمە جگە لەوەی کە تەنها خۆی باس لەم مەسەلەیە دەکات .

( ئەبی نصری حموی ) بازرگان نەخوێندەوار بوو بۆیە کۆیلە بچکۆلەکەی خۆی ناردە بەر خوێندن و گرنگی بەفێرکردنیدا تا لە کاروباری بازرگانیدا پشتی پێ ببەستێ[15] ، بەوەش یاقوت فێربوون و پەروەردەیەکی ئیسلامی چاکی وەرگرت کە کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر پاشە ڕۆژی زانستی هەبوو ، دواتر بایەخی بە ڕاهێنانیدا لەسەر گەشت و گەڕان[16] بێگومان گەشت جۆرێکە لە بزاوت و جوڵە و هەروەها تێکەڵ بونێکە لەگەڵ خەڵکی و میللەتان ،و بەپێی ووتەی فرانسیس بیکۆن : ((گەشت و گەڕان بریتییە لە فێرگەیەك بۆ بچوکەکان و شارەزاییەکیشە بۆ گەورەکان)).[17] لێرەدا گرنگی ئەو گەشتانە بەدەر دەکەون لە بەگوڕکردنەوەی مێشك و فیکری یاقوت بە ڕۆشنبیریە جۆراو جۆرەکان بەتایبەت گەر بێتو ئەوە بزانین لەو گەشتانەدا کاتێکی کەمی بۆ ڕاپەی کردنی کارە بازرگانیەکانی خاوەنەکەی تەرخان دەکرد ، بەڵام زۆربەی کاتەکەی لە بازاڕی پەڕاوگەکان و لەنێو کڕین و هەڵبژاردنی کتێب و کۆکردنەوەیان بەسەر دەبرد یا،گەر کتێبێکی بە دەست نەکەوتبا ئەوا لەبەری دەگرتەوە[18] شایانی باسە ئەو بایەخە زۆرەی یاقوت بەدوکانی کتێب فرۆشەکانی دەدا خواستوو ئارەزوویەکی سروشتی و زگماکی ئاراستەی دەکرد ، واتە خۆی لەگەڵ ئارەزووە زگماکیەی دەگونجا ، خۆ ئامادەکردن و ئارەزووەکانی لە فێربووندا هەر لە بچووکی یەوە دەرکەوت کە لەسەر دەستی مامۆستا و شێخی بەناوبانگ پێدەگەیشت وەك ( عکبری ) ئەو نووسەرە زمانەوانەی کە شەرحی دیوانەکەی (ابوطیب المتنبی) کردووە ، هەروەها ( ابن یعیش ) زمانەوان و زانای نەحو کە شەرحی ( المفصل في النحو للزمخشري ) کردووە[19] ،

٢- سەردەمەکەی :-

یاقوت لەدوا چارەکی سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوانزەیەمی زاینی ژیاوە و ژیانی تاوەکو کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی درێژەی کێشاوە ، لێرەدا ڕاستیەکی بەرچاو هەیە کەپەیوەستە بەباری جیهانی ئیسلامیەوە لەو سەردەمەدا ئەویش ئەوەیە کە جیهانی ئیسلامی تا ئەندازەیەکی زۆر لاوازی و دواکەوتوویی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و ئایینیدا پێوەی دیار بوو چونکە ژمارەیەك لە هێزی دژ بە یەك لە نێویەکدا حوکمڕانیان دەکرد ، زۆر جار ململانێ خاڵێکی بەرچاوی ئەو ناتەبایی و ناکۆکیە بوو لە پێناو مانەوەو دەسەڵات گرتنە دەستدا بەسەر وڵاتانی دراوسێدا ، ئەمەش زەنگێك بوو بۆ ئەو ڕووداوە ناهەموارانەی کە توشی موسڵمانان هاتبوو ، لە سایەی ئەو بارودۆخەدا هێرش بەرانی مەغۆل توانیان دەست بگرن بەسەر چەندین بەشی جیهانی ئیسلامیدا ، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا ، لە ئەنجامدا توانیان تورکستان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە و هێزەکانیان وڵاتی ئەودیو ڕووبار ( ماوراء النهر ) وخوراسان و ڕەیی و هەمەدان و( بلاد الجبل )ی تێپەڕاندبوو گەیشتە سنوری عێراق[20] ، بەڵام ئەم پەرت بوون و لەبەر یەك هەڵوەشانەوەیەی کە توشی جیهانی ئیسلامی هاتبو مانای چارەنوسێکی خراپی نەدەگەیاند سەبارەت بەبیرکردنەوەی زانستی و بەردەدام بوونی گەشە کردن ،بەڵکو تێبینی ئەوە دەکەین کە بەشی زۆری ئەو میرنشینانەی کە لە خەلافەتی بەغدا جودا بوونەوە و قەوارەیەکی سەربەخۆیان پێکهێنا میرەکانیان لە چالاکیەکی بەردەوامدا بوون لە پێناوی پشتگیری کردنی دەسەڵاتەکەیان بەهەموو بنەمایەکی شارستانیەتی ، بۆ نموونە میرنشینی ئەیوبیەکان لە میسر و شام[21]، ڕاپەڕینێکی بەهێزی بە خۆوە بینی و ڕێ خۆشکەر بوو بۆ یاقوتی حەمەوی کە چاوی بە ژمارەیەك کتێب بکەوێت کە زۆر کەس پەی پێ نەبرد بوو ، ئا لێرەدا ڕۆشنبیریە هەمە جۆرەکەی بەدەر دەکەوێت .

٣- بەرهەمە زانستیەکانی :-

بێگومان ئاستی زانستی و پلەی ڕۆشنبیری بەرفراوانی یاقوتی حەمەوی بە چەشنێك بوو کە بەرهەمی زانستیانەی دەوڵەمەندو چڕو پڕمانا بخاتە بەردەست ، لە ڕاستیدا ئەمانە ببونە کەرەسەو بنەمایەك کە دواتر عەقڵ و ئەندێشەی نەوەکانی دوای خۆی بەرهەمە زانستیەکانیان لەسەر بونیاد نا ، گەر بێت و لەو بەرهەمانە وورد بینەوە ، ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین کە یاقوتی حەمەوی بەوێنەی ئینسکلۆپیدیایەك بوو، واتە مێژوونوسی گەورە پیاوان و جوگرافی ناس و زمانەوان و ئەدیب بووە ، لە بەرهەمەکانی :

١ ـ معجم البلدان .

٢ ـ معجم الادباء .

٣. المشترك وضعاً المختلف صقعاً.

٤ ـ أرشاد الالباء الى معرفة الادباء[٢٢] .

٥. معجم الشعراء .

٦. المبدأ و المال كتاب في التأريخ .

٧. الدول .

٨. مجموع كلام أبى علي الفارسي .

٩. عنوان كتاب الاغاني .

١٠. أخبار المتنبي .

١١. المقتضب في النسب (کە تێیدا باس لە ڕەگەزی عەرەب دەکات)[٢٣] .

هەرچۆنێك بێت یاقوت لە ڕێی هەردوو کتێبە بەناوبانگەکەیەوە ناوی پەیدا کرد کەئەوانیش ( معجم البلدان ) و ( معجم الادباء ) ە، چونکە ئەمانە لەو بەرهەمانەن کە پڕن لە زانیاری جیاوازسەبارەت بە زانستەکانی ( جوگرافیا - مێژوو - ئایین - ئەدەب - زمانەوانی ) چونکە لێکۆڵیار ئەوەی لەم کتێبانەدا بەدەستی دەکەوێت لە کتێبی دیکەدا لە هەمان بواردا و لە هەمان سەردەمدا دەستی ناکەوێت ، هەروەها یاقوت لە نوسینەکانیدا پشتی بە گەلێك سەرچاوەی هەمەچەشنە بەستووە کە زۆربەیان بە دەست ئێمە نەگەیشتوون .

٤. ڕۆژهەڵاتناسان و یاقوتی حەمەدی:-

ڕۆژهەڵاتناسان لە سەدەی نۆزدەهەمەوە گرنگیان بە یاقوت دا ، دوای ئەوەی دەست نوسەکانی دزەیان کرد بۆ وولاتانی ئەورووپا بەجۆرێك کە هیچ زانایەکی جوگرافی ناسی موسڵمان هێندەی یاقوت لێکۆڵینەوەی لە بارەوە نەکراوە[٢٤].

ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی ڕوسیکراچکۆفسکیدەڵێت: ( یاقوت هەستێکی ڕاستگۆیانەی بە پێویستی بۆ سەرچاوەیەکی گشتی کردووە کە سەرجەم بەش و پارچەکانی کەرەستەی جوگرافی ناسراوی سەردەمەکەی کۆبکاتەوە ، گرنگی ( معجم البلدان ) ئامانجە جوگرافیە بەرتەسکەکانی زۆر تێپەڕاندووە، چونکە دوای ڕەنگدانەوەی ئەو یەکێتیە نموونەییەی جیهانی ئیسلامی دەنوێنێت لە ژێر حوکمڕانی عەباسیەکاندا بەڵکو دەتوانم بڵێم باشترین بەرهەمی نوسەر و دانەرێکی عەرەبە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست[٢٥] ، هەروەها وەسفی دەکات کە ئەدیبێکی ئاسۆ فراوان و نوسەرێکی چالاك و فرەبوار و لایەنە ، بە بەراورد کردن لەگەڵ کۆمەڵێك جوگرافیناسی زمانەوان وەك (البكري)[٢٦] ئەوا یاقوت بە پێش هەموویان دەکەوێتەوە نەك تەنها لە زۆری کەرەستە جۆراو جۆریەکەیدا بەڵکو لە

ڕێبازە سەربەخۆکەیدا کەمانای ژێری دەگەیەنێت بۆ هەموو ئەوانە ئەوا بەرهەمە جوگرافیەکەی بەپێشڕەوییەوە سەردەمی بەر لە هێرشی مەغۆلی کۆتایی پێ دەهێنێت ، بەڵام خودی خۆی ئەوا دەشێت بەدیارترین پیاوەکانی سەردەمی خۆی ناوببرێت بەتایبەت لەو لقەدا ، تاوەکو ئێستاش ( معجم البلدان ) خزمەت بە مەبەستەکەی دەکات و وەك سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو ڕۆڵی خۆی دەبینێت [٢٧].

بەڵام ڕۆژهەلاتناسی ئیتاڵی ( الدومیلی ) لە کتێبەکەیدا (( العلم عند العرب و أثره في تطور العلم العالمي )) باسی یاقوت دەکات و دەڵێت : (( کتێبی جوگرافی لە سەدەکانی دوانزە و سیانزەی زاینی‌دا زۆر ڕووی لە کزی کرد ، دوای گەشەکردن و ژیانەوەیەکی دیار ئەوەش وێڕای ئەوەی ئێمە لەو سەردەمەدا کتێبێکمان بەرچاو دەکەوێت کە گەورەترین دانراوە لە بوارەکەی خۆیدا نوسراوە ، ئەو کتێبە چڕوپڕو گەورەیە ئەو فەرهەنگە جوگرافیە مەزنە ( معجم البلدان )ە [٢٨].

لە کاتێکدا ( جاك – س – ریسلر )ی ڕۆژهەلاتناس وەسفی دەکات و دەڵێت ( خاوەن ئەقڵێکی گەورە و داهێنەرە ، چاوی بە کتێبخانەکانی ( مرو – طاشقند – بلخ ) کەوتووە چی لەگەنجینەی زانیاری تێدایە زانیویەتی بەتایبەتی لە بواری زانستە جوگرافیەکاندا[٢٩] .

بەڵام ( سنکو فسکی )ی ڕۆژهەلاتناس وەك کەسێکی ووردبین و ماندوو وەسفی دەکات ، وەدان بەوەدا دەنێت کەزانستی ڕۆژهەلاتناسی قەرزاری یاقوتی حەمەویە چونکە لە ( معجم البلدان )دا زۆر بەوردی پاشماوە و بەرهەمە بەنرخەکانی لە مێژوو جوگرافیای چاخەکانی ناوەڕاست پاراستووە و تۆماری کردوون ، زۆر بەگوڕەوە لە بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئەتنۆگرافی و سیاسی سەردەمەکەی کۆڵیوەتەوە [٣٠].

ڕۆژهەلاتناس ( کارادی فو ) سەبارەت بە ( معجم البلدان ) دەڵێت ( لەو دانراوانەیە کە دەشێت ئیسلام ئەو پەڕی شانازی پێوە بکات[٣١] لە ڕۆژهەلاتناسانی دیکە کە ماندووبونی زانستی ( یاقوت ) یان هەڵسەنگاندووە و نرخیان پێداوە ، ڕۆژهەلاتناسی ئەمریکی ( سارتۆن )ە، لە کتێبەکەی ( المدخل لتأریخ العلم ) دا و ڕۆژهەلاتناس ( باربیە دی مینار ) و ڕۆژهەلاتناس ( فردیناند فستفلر ) کە هەستاوە بەدەرکردنی یەکەم چاپی تەواوی کتێبی ( معجم البلدان ) کە لەنێوان سالانی ١٨٦٦-١٨٧٣ دا لە شەش بەرگدا چاپی کردووە ، بەلام یەکەمین کەس کە لە بارەی ژیانی یاقوتی حەمەوی نوسیبێ لە ڕۆژهەلاتناسان ( فرین )ە ، هەروەها ( راسموسن ) وە ڕۆژهەلاتناس ( مدینکوف ) شیکردنەوەی گشتی لەسەر(معجم البلدان) نووسیوە[٣٢] .

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم :

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ابن المستوفی : تاریخ اربل ، تحقیق سامی الصقار ٣١٩/١ ، ابن القفطي : انباه الرواة على النحاة ، تحقیق : محمد أبوالفضل ، ٧٥/٤ ، أبن خلکان : وفيات الأعيان ، تحقیق أحسان عباس ،٦/ ١٢٧-١٣٩

٢-أبن خلکان ، وفيات الاعيان ، ١٢٧/٦ : سليم ميخائيل شحادة : في الجغرافية وجغرافي الاسلام ، مجلة المقتطف ، مجلد السابع ،ج١١ ، السنة السابعة ١٨٨٣ ،ل ٦٦٣ .

٣- کراچکۆفسکی : تأريخ الادب الجغرافي ،وەرگێرانی ، صلاح الدین عثمان هاشم ، ٣٣٨/١

٤–صلاح الدين المنجد : أعلام التأريخ والجغرافية عند العرب ، ٦٣/١ .

**٥ـئەم ناوە زۆر بلاّوبوون لە نێو موسوڵمانانـدا و ژمارەیەکی زۆر لە مەوالیەکان ئـەو ناوانـەیان لـە خۆیـان نـاوە ، خـودی یـاقوت حەمەوی باس لە دووان لە هاوسەردەمەکانی خۆی دەکات کە هاوبەشیەکی تەواوی دەکەن وهـەمان ناویـان هەیـە ، یـەکێکیان : ابوالدر یاقوت بن عبدالله الرومی ، شاعیر وئەدیبە کەلە ساڵی ٦٢٢ ك ـ ١٢٢٥ ز کۆچی دوای کردووە ، ئـەوی دیکەشـیان : یـاقوت بن عبدالله الرومی : ئەدیب وزمانەوانەو یاقوتی حەمەوی خۆی لە ساڵی ٦١٣ ك ـ ١٢١٦ ز لە موسڵ چاوی پێکەوتووە و لە ساڵی ٦١٨ ك ـ ١٢٢١ ز کۆچی دوایی کردووە ( کراچکۆفسکی : تاریخ الادب الجغرافی ٣٣٨/١ ) .**

٦–تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٨/١ ،أبو الفتوح محمد التوانسي : ياقوت الحموي الجغرافي الرحلة الاديب ، ل٦٤

٧–تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٨/١

٨–شاكر خصباك : في الجغرافية العربية ، ل ٣٨٥ ،صلاح الدين المنجد :أعلام التأريخ والجغرافية ، ل ٦٣ .

٩– وفيات الاعيان ، ١٢٧/٦ ، يوسف جرجيس الطوني : ريف الموصل في مشاهدات ياقوت الحموي ،**گۆڤاری ((المورد)) موجەلەدی هەژدەهەم ، ژمارە ، ٤ ، ١٩٨٩ ، بەغدا ، ل ٥٤ .**

١٠–تأريخ الادب الجغرافي ،٣٣٨/١ ، في الجغرافية العربية ، ل ٣٨٤ ، اعلام التأريخ والجغرافية ، ل٦٣ ، نقولا زيادة : الجغرافية والرحلات عند العرب ، ل ٦١ .

١١–تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٨/١ ، الجغرافية والرحلات عند العرب ، ل٦١ ، صلاح الدين الشامي : الفكر الجغرافي ،ل٢٥١ .

١٢–وفيات الاعيان ، ١٢٧/٦ ،شحادة : الجغرافية وجغرافي الاسلام ، ل٦٦١ .

١٣–الحضارة العربية ،ل١٠٥ .

١٤–التوانسي : ياقوت الحموي ،ل٦١ .

١٥–وفيات الاعيان ، ١٢٧/٦ ، تأريخ الادب الجغرافي ،٣٣٨/١ .

١٦–زكي محمد حسن :الرحالة المسلمون في عصر الوسطى ،ل١٠٢ ،التوانسي :ياقوت الحموي ، ل٦٣ ، خصباك : في الجغرافية العربية ل٣٨٥ .

١٧–لە : حسين محمد فهيم : أدب الرحلات ، **وەرگیراوە ، ل١٩ .**

١٨–التوانسي ياقوت الحموي ، ل٦٣ .

١٩–معجم الادباء ، ٧٧/٣ .

٢٠–أبن الاثير : الكامل في التأريخ ، ٤٨/١٢ ـ ١٤٩ ، أبن كثير: البداية والنهاية ،٨٦/١٣ .

٢١–تأريخ الادب الجغرافي ،٣٣٥/١ ،أعلام التأريخ والجغرافية ،ل٧٣ .

**٢٢ـئەم کتێبەمان بە دەست نەگەیشتووە بەلاّم** أبن المستوفي **لـە کـاتی بـاس کـردن یـاقوت حەمـەویدا نـاوی هێنـاوە** ((تأريخ اربل ، ٣١٦/١ ))

٢٣–وفيات الاعيان ، ١٢٩/٦ ،**لەو کتێبانەی ناویان هاتووە جگە لە**((معجم البلدان)) و((معجم الادباء)) و((المشترك وضعا المختلف صعقا)) **هیچی دیکەمان پێنەگەیشتووە..**

٢٤–تأريخ الادب الجغرافي ،٣٣٦/١ .

**٢٥ـهەمان سەرچاوە ، ٣٢٥/١ .**

**٢٦ـناوی (ئەبو عەبدوڵای کوری عەبدولعەزیزی بەکری)ە ، خاوەننی کتێبی**((المسالك والممالك)) **لـە سـەدەی پێنجـەمی کۆچی – یازدەهەمی زاینی لە ئەندەلوس بە دەرکەوتووە ویەکێکە لە جوگرافیناسە بە ناوبانگەکانی ئیسلام** ( زكي محمد حسن : الرحالة

المسلمون ، ل٥٤) وه بۆزانیاری زیاتر له سەر بکری بگەڕێوه بۆ : عبدالله يوسف الغنيم : مصادر البكرى ومنهجـه الجغـرافي ، ل١٣ - ٢٦

٢٧-تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٤/١ .

٢٨-له التوانسي ،وەرگیراوە ، ياقوت الحموي ،ل٣٣٠ .

٢٩-سەرچاوەی پێشوو ، ل٦١ .

٣٠-تأريخ الادب الجغرافي ،٣٣٦/١ .

٣١-19 POP 11 Carra De Vaux : Les Penseurs De Islam ,Vol, له (زكى محمد الحسن) وەرگیراوە : الرحالة المسلمون ،ل١٠٥ .

٣٢-تأريخ الادب الجغرافي ،٣٣٦/١ - ٣٣٧ .

## بەشی دووەم

### گەشتەکانی :-

( عسکر بن ابی ابراهیم الحموی ) هەر لە منداڵییەوە یاقوتی لەسەر گەشت و گەڕان ڕاهێنا و ، لە گەشتە بازرگانییەکانیدا لەگەڵ خۆی دەبرد تاوەکو گەورە بوو وپێگەیشت ، ئیدی دوای ئەوە بەتەنها بۆ گەشتی دەنارد [١] ، ئەوە بوو زیاتر لە جارێك چوو بۆ دوورگەی ( کیش ) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی کەنداوی عەرەبییەو ، چونکە ئەو دورگەیەلەو سەردەمەدا کاروانسەرای بازرگانەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو ، لە وێدا کەلوپەلی هند و ملاسیایان بەبەرهەمەکانی میسر و وولاتی شام و ڕۆژئاوای دوور دەگۆڕیەوە و هەر ئەوێ بە گەورەترین مەڵبەندەکانی بازرگانی دەژمێردرا کە زۆرترین ژمارەی بازرگانانی تێدا کۆدەبۆوە لە سەرجەم ئەو وولاتانەدا کە گەلەکانی خۆیان بە بازرگانی کردنەوە خەریك کردبوو [٢] ،ئەم دورگەیە وەك نێوچەیەکی بازرگانی گرنگ نێوی دەرکردبوو ، چونکە ژمارەیەکی زۆری لە دار خورما و بەروبوم و کانی و ئاوی سازگاری تێدا بوو [٣] .

هەر هێندەی یاقوتی حەمەوی تەمەنی گەیشتە بیست و یەك ساڵ واتە ساڵی (٥٩٦ ك – ١١٩٩ ز) ئیدی ناکۆکی کەوتە نێوان خۆی وخاوەنەکەی ( عسکر بن ابی نصر )هەرلەسەرئەوەش لێی جودا بۆە [٤] ، بەڵام سەرچاوەکانی ژێر دەستمان ئاماژە بەهۆی ئەو لێك جودابوونەوەیە ناکەن ، هەرچۆنێك بێت خاوەنەکەی ئازادی کردوو دوری خستەوە ،پاش ئەوە یاقوت ڕووی کردە خوێندنەوە و کارکردن لە بواری لەبەر گرتنەوەی کتێب دا وە زۆر سودی لەم کارە وەرگرت [٥] .

هێندەی پێ نەچوو لەگەڵ ( عسکر بن ابی‌نصر ابراهیم )ی خاوەنی دا ئاشت بوونەوە و لە بازرگانی کردی بە شەریکی خۆی ومەبلەغێك پارەشی خستە بەردەست و ناردی بۆ دوورگەی ( کیش ) ، بەڵام کە لە ساڵی ٦٠٦ ك – ١٢١٠ ز گەڕایەوە هاوشەریك‌و خاوەنەکەی کۆچی دووای کردبوو ئەویش پێداویستیەکانی خێزانی هاوشەریکەکەی دابین کرد ،پاشماوەکەشی وەك دەست مایە لای خۆی هێشتەوە و بازرگانی پێوەدەکرد [٦] ، بەتایبەت کڕین و فرۆشتنی کتێب یارمەتیەکی زۆریدا لە ناسینی زانا و بوێژ و نوسەرەکان و ئەوانەی گرنگیان دەدا بە کڕینی کتێب و کۆکردنەوەی لەوانە ( جمال الدین أبو الحسن أبراهیم أبن القفطي ) وەزیر [٧] کە ئارەزووی کتێب کۆکردنەوەی بوو وە دەڵاڵێکی هەبوو بۆ کڕینی کتێب بە نێوی ( أبو علي القیلوی ) یاقوتی ناسی و بردی بۆ لای ( أبن القفطي ) وەزیر لە ساڵی ٦٠٩ ك – ١٢١٢ ز تاوەکو ئەو کتێبانەی لایەتی نیشانی بدا [٨] ، پێدەچێت وەزیر نەخۆی و نەکتێبەکانی بە دڵدا نەچوبێت بۆیە دەڵێت : لە دوو کتێب زیاتری تێدانەبوو لێم کڕی و لە سیمای ڕامام هەندێك مەسەلەم لێ بەدی کرد کە هەستم تێدا بە هەڵە نەچوو بوو ، زانیم کە بەکەڵکی هاودەمی نایات [٩] .یاقوت گەشتەکانی لە ساڵی (٦١٠ ك – ١٢١٣ ز) دا دەست پێکرد کە شانزە ساڵی خایاند و لەچەند ووچانێکی کەمدا نەبێت ڕانەوەستا [١٠] ، لە گەشتی یەکەمیدا سەردانی تەورێز و موسڵ و شام ومیسری کرد [١١] دواتر لە ساڵی (٦١٣ ك - ١٢١٦ز) جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ حەلەب و کۆمەڵێك کتێبی جۆراو جۆری پێ بوو ، لەگەڵ ( أبن القفطي ) وەزیردا کۆبۆوە و گوێی لە شیعرەکانی گرت [١٢] ، دواتر ڕووی کردە شاری (دمشق )و لە بازاڕەکانیدا سوڕایەوە و ئەوێ‌جێ‌ی هێشت و چووە موسڵ لە وێوە بەرەو(هەولێر)بەرێ کەوت ، دوایی چوو بۆ ئەرمینیا لەوێوە ڕووی کردە تەورێز ئینجا چووە ئێرانی ڕۆژهەڵات و لە خۆراسان و نیسابوور نیشتەجێ بوو ، لەوێ دەستی کرد بەبازرگانی کردن بە کتێبەوەو لە نێوان خۆراسان و تەورێز و خوارەزم دا هاتوچۆی دەکرد بەڵام زیاتر لە ( مرو ) دەمایەوە [١٣] ، پێدەچێت سودی زۆری لە

کتێبخانەکانی ( مرو ) وەرگرتبێت ، چونکە لە کاتی باسکردنی ئەم شارەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە سێ ساڵ لەو شارەدا ماوەتەوە ، دواتر جێی هێشتووە کە دە کتێبخانەی تێدا بوو لە هیچ شارێکی دیکە وێنەی نەبوو ، کارکردن و خواستنی کتێبەکانی نێو کتێبخانەکانی ( مرو ) مەسەلەیەکی زۆر ئاسان بووە ، قسەکانی سەبارەت بەو کتێبخانەیە بەوە کۆتایی دەهێنێت کە دەڵێت ( لە دونیادا هیچ نەبوو هاوشانی بێت لە زۆری ژمارە و چاکی کتێبەکانیدا ) [١٤] ، لە کاتێکدا یاقوتی حەمەوی وەها وەسفی شاری نیسابورمان بۆ دەکات کە شارێکی زۆر بە دەرد و نەخۆشیە[١٥] ، هێندەی پێنەچوو شاری نیسابوری جێهێشت و ڕووی کردە خوارەزم ، پێدەچێت لە کاتی زستاندا گەیشتبێتە جێ و ئاووهەوا تێیدا زۆر سارد بووە بەجۆرێك کەنەیتوانیوە لەکاتی مانەوەیدا لەوێ هیچ بنوسێت خۆی دەڵێت :زۆرهەوڵم داشتێك بنوسم بەڵام نەمدەتوانی چونکە مەرەکەبەکە دەیبەست[١٦] ، بۆیە لە ئاگرەکەم نزیك دەکردەوە و دەمتواندەوە ، کاتێك شەربەکەم دەخستە سەر لێوم پێوەی دەلکاو بەلێومەوە دەیبەست ، بۆیە زۆر لەوێ نەمایەوە و لە نێوان هێرات و سەرخس دا هاتوچۆی دەکرد[١٧] .

یاقوت بڕیاریدا بە شێوەیەکی بەردەوام لە ( مرو ) نیشتەجێ بێت و لەوێدا جێگیر بێت ، بەتایبەت بیرۆکەی دانانی کتێبی ( معجم البلدان ) بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٦١٥ ك - ١٢١٨ ز بە مێشکدا هاتبوو لەم شارەدا، بەڵام هێندەی پێنەچوو بڕیاری جێهێشتنیدا دوای ئەوەی هەواڵی پێشڕەوی هێزەکانی مەغۆلی پێگەیشت کە چەندین ناوچەی وڵاتی ئیسلامیان داگیرکرد وەك سەمەر قەند و بوخارابۆیە ، لە کۆتایی ساڵی ٦١٦ ك - ١٢١٩ ز لە شار ڕایکردوو چی لابوو لەوێ جێی هێشت و بەرەو ڕۆژئاوا چوو ، ئەو سەفەرە کتوپڕو لەناکاوەی ( مرو ) کاریگەریەکی زۆری لەسەر کەرەستە جوگرافیەکەی هەبوو کە دەستی کردبوو بە کۆکردنەوەی و خۆی ئامادە کردبوو بۆ دانانی فەرهەنگە گەورەکەی ئەوە بوو بەناچاری هەندێك لە بابەت و کەرەستەکانی لە کتێبخانەکانی ( مرو ) بەجێ هێشت[١٨] .

هەرچۆنێك بێت لەسەر ڕێگای خۆی بە شارەکانی ( ڕەی و قەزوین و تەورێز )دا تێپەڕی و لەو ڕێگایەدا زۆر ئازار وترسی چەشت تا ساڵی ٦١٧ ك - ١٢٢٠ ز گەیشتە ( هەولێر ) پێدەچێت یاقوت ئەو شارەی بە دڵ نەبوبێت بۆیە دەڵێت (( چوومە نێوی کەسی وەهام تێدا نەبینی ، جگە لە ( ابی البرکات المبارك بن أحمد بن المبارك بن موهوب بن غنیە بن غالب ) نەبێ کە بە مستوفی دەناسرێت ، چونکە ئەو کەسێکی ئەدیبە و ئەهلی ئەدەبی خۆشدەوێت و خاوەن چاکەیە بەسەریانەوە ، دیندارە و خۆشەویستە لای سوڵتان و لە پلەی وەزیرێکدایە ، هەواڵ و دەنگ و باسی زۆربەی کەسانی پێش خۆی دەزانێت و بیستویەتی و خاوەنی کتێب و نوسراوە ))[١٩] ، هێندەی پێنەچوو ئەو شوێنەی جێهێشت و ڕووی کردە ( موسڵ ) و بە هەژاری و دەست تەنگی و کەم دەرامەتی گەیشتە ئەوێ[٢٠] ، لەوێوە نامە بەناوبانگەکەی بۆ ( أبن القفطي ) وەزیرناردووە لە ( حەلەب ) لەو نامە دوورودرێژەیدا یاقوت باس لەسەر گوزشتەی ژیانی خۆی و هیلاکی و هەوڵدانی خۆی دەکات بەدوای بژێویدا ، لە هەمان کاتیشا باس لە خۆشی و ئاسودەیی دەکات کە لە ( مرو ) تێیدا بووە و هەیبووە ، باس لەوە دەکات کە لە ڕێگای گەڕانەوەیدا توشی چی هاتووە لە کۆتایی نامەکەیدا ئاواتە خوازی ئەوەیە کەبە خزمەتی وەزیر بگات[٢١] .

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە ناکەن ئاخۆ ( أبن القفطي ) وەزیر وەڵامی نامەکەی یاقوتی داوەتەوە یا بانگی کردووە بۆ لای خۆی، بۆیە دەبینین یاقوت ماوەیەك لە موسڵ دەمێنێتەوە و دواتر ئەوێ جێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە ( سنجار )و دواتر دەچێتە(حەلەب) [٢٢] لەوێ چاوی بە ( أبن القفطي ) وەزیر دەکەوێت ،( أبـــن القفطـــي ) وەسفی حاڵی یاقوت دەکات و دەڵێت :- کاتێ گەیشت و هاتە لام لە حاڵێکی خراپدا بوو، ووتی ( مەبەست یاقوت )ە ((خۆم خستۆتە نێو دەرگاکەت و هیوام بە جەنابتە))[٢٣] ، پێدەچێت وەزیر بەزەیی پێدا هاتبێتەوە و یارمەتی دابێت بۆ چاککردنی باری

گوزەرانی وێڕای ئەوبیرو ڕایە خراپەی لە پێشدا بەرامبەر یاقوت هەیبوو سەبارەت بە خراپی ئاکاری وئەستەمی هاودەمی کردنی، یاقوت لای وەزیری بەهەل زانی کە سەرلە نوێ دەست بکات بە ئیش کردن لە ئامادە کردنی کەرەستەی فەرهەنگەکەیدا [٢٤] ، چونکە بەردەوام بوو لە سەردانی وەزیر بەپێی قسەی خۆی دەڵێت ( لەماڵەکەیدا بووم ، پیاو ماقوڵ و زانا ڕوویان تێدەکرد، هەرگیز کەسێکم نەبینی سەبارەت بەهونەرێك لە هونەرەکانی زانست قسەی لەگەڵ بکەن وەك ( نحو- زمان و فەرموودە و فقەو زانستی قورئان و اصول و مەنتیق و ماتماتیك و ئەستێرەناس و ئەندازە و مێژوو تەعدیل ) بە باشترین شێوە ، وەڵامیان نەداوەتەوە و بەجێی نەگەیەنێت [٢٥].

لە سایەی ( أبن القفطي ) وەزیردا ئاسودەیی و زانست و کتێب بۆ یاقوت ڕەخسا بوو ، هەر لەوێ لەگەڵ زانایان و پیاو ماقوولاندا دادەنیشتن و لە گەڵیان کۆدەبوونەوە کتێبی دەخوێندەوە و لە بەری دەگرتنەوە ، هەروەها بەیارمەتی ئەو وەزیرە توانی بۆ ماوەیەك بۆ بازرگانی کردن ڕوبکاتە میسر و بەهۆیەوە هەندێك قازانجی دەست بکەوێت کەلە دوا ساڵانی تەمەنیدا یارمەتی‌دا بۆ نوسین و دابەش کردنی کتێبە گەورەکەی ( معجم البلدان ) [٢٦] .

یاقوتی حەمەوی بەردەوام چالاکانە کاری دەکرد ئەو کاتەی لە ( حەلەب ) بوو توانی ڕەشنوسی یەکەمی ( معجم البلدان )ی لە ساڵی ٦٢١ ك - ١٢٢٤ ز تەواو بکات و بە خەتی خۆی پێشکەشی ( أبـــن القفطـــي )ی وەزیری کرد ، لەوانەیە مەبەستی بووبێت ڕەزامەندی وەزیر بۆ کتێبەکەی وەربگرێت و لە خۆی ڕازی بکات چونکە یارمەتی داوە لە دانانی کتێبەکەیدا و بەزەیی پێدا هاتووە [٢٧].

لە ساڵی ٦٢٤ ك - ١٢٢٧ ز یاقوتی حەمەوی جارێکی دیکە ڕووی کردە فەڵەستین بەڵام لە دوا جاردا گەڕایەوە بۆ ( حەلەب )و لە سەرەتای ساڵی ٦٢٥ ك - ١٢٢٨ ز بڕیاری ڕێکخستنی موعجەمەکەی دا ، بەڵام مەرگ بواری نەدا کارەکەی تەواو بکات و لە ڕۆژی (٢٠) بیستی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٦٢٦ ك - ١٢٢٩ ز کۆچی دوایی کرد ،ئەوە بوو کتێبەکانی بە مزگەوتی ( الزیدی ) بەخشی کە دەکەوتە پشت (درب دینار ) لە بەغداد ، وە مێژوونوسی مەزن( أبن الاثیر )ی ڕاسپارد بوو بۆ بەجێهانی وەسیەت نامەکەی [٢٨] .

دەست نیشان کردنی ئەوەی ئاخۆ یاقوت تا چ ئەندازەیەك سودی لەگەشت و گەڕانەکانی وەرگرتووە کارێکی هێندە ئاسان نیە ، لەبە ئەوەی دەنگ و باسی گەشتەکانی تۆمار نەکردووە و ئەو هەرێمانەی خۆی سەردانی کردووە دیاری نەکردوون ، زۆر کەم تێبینی یە تایبەتیەکانی خۆی نوسیون لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لە هەموو زاناکانی سەردەمی خۆی زیاتر لە گەشت و گەڕاندا بووە ، چاودێری مێژوویی سروشتی و سیماکانی ڕۆشنبیریەکی گشتگیری کردووە ، بەڵام بێگومان ئەوەی لە گەشت و گەڕانەکانیدا بینیویەتی و لە کتێبخانەکاندا کۆی کردۆتەوە سودێکی زۆری پێگەیاندووە لە نوسینی کتێبەکانیدا ، زۆر شتی لە جوگرافیناس و گەڕیدە و مێژوونوسەکان وەرگرتووە دواتر ئەو شتانە بەیەکێك لە فاکتەرە سەرەکیەکانی دادەنرێت کە یارمەتی ( یاقوتی حەمەوی ) داوە لە پێشکەوتنە زانستیەکەی و پڕکردنی بیر و ئەندێشەی بەڕۆشنبیریە جۆراو جۆرەکان .

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم :

١- أبن خلكان : وفيات الاعيان ،١٢٧/٦ ، كراچكۆفسكی : تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٨/١ ، التوانسي :ياقوت الحموي ، ل٦٥ .

٢- شحاذة : الجغرافية وجغرافي الاسلام ، ل٦٦١ .

٣- معجم البلدان ، ٤٤٢/٤ .

٤- وفيات الاعيان ، ١٢٧/٦ ، زيادة : الجغرافية والرحلات ، ل٦١ .

٥- وفيات الاعيان ،١٢٧/٦ ، المنجد :اعلام التأريخ والجغرافية ،ل٦٤ .

٦- وفيات الاعيان ، ١٢٧/٦ ،خصباك :في الجغرافية العربية ،ل٣٨٥ ، زيادة :الجغرافية والرحلات ، ل٦١ .

٧- وەزیر (( جمال الدين ابو الحسن ابراهيم ابن القفطي)) سەبارەت بە سەربردەی ژیانی : بگەڕێوە بۆ یاقوت الحموی : معجم الأدباء ، ٤٤٧/٥ -٤٩٥ .

٨- أعلام التأريخ والجغرافية ، ل٦٥ ئەوەش یەکەم چاوپێکەوتن بوو لە نێوان یاقوتی‌حەمەوی و ئیبن القفطي .

٩- أبن القفطي :أنباه والرواة لە ((المنجد)) وەرگیراوە ، أعلام التأريخ والجغرافية ، ل٦٥ .

١٠- تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٩/١ ، خصباك :في الجغرافية العربية ،ل٣٨٩

١١- هەمان سەرچاوە .

١٢- معجم الادباء ،١٧٩/١٥ ،أعلام التأريخ والجغرافية ، ل٦٥ .

١٣- زكي محمد حسن : الرحالة المسلمون ، ل١٠٤-١٠٥ ، التوانسي : ياقوت الحموي ، ل٦٧ .

١٤- معجم البلدان ، ١١٤/٥ .

١٥- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە شاری ((نیسابور)) بڕوانە : معجم البلدان ، ٣٣١/٥-٣٣٣ .

١٦- معجم البلدان ، ٣٩٨/٢ .

١٧- تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٩/١ ، خصباك : في الجغرافية العربية ، ل٣٨٥ .

١٨- تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٩/١ ، التوانسي : ياقوت الحموي ،ل٦٨ ،في الجغرافية العربية ،ل٣٨٥ ، الجغرافية وجغرافي الاسلام ،ل٦٦١ .

١٩- معجم البلدان ، ١٣٨/١ ، أبن المستوفي، کەسێکی زۆر دەست ودڵ باش بوو ، هەر کەسێك لە گەورە پیاو وناوداران گەیشتێبێتە شاری(هەولێر) سەردانی کردووەو دیاریەکی شایستەی بۆ بردووە بە تایبەت ئەهلی ئەدەبیات ((وفيات الاعيان ، ٥٦٠/٢)) .

٢٠- وفيات الاعيان ، ١٢٨/٦ ،يوسف الطوني : ريف الموصل ،ل٤٧ .

٢١- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم نامەیە بگەڕێوە بۆ : وفيات الاعيان ١٢٩/٦-١٢٨ .

٢٢- أعلام التأريخ والجغرافية ، ل٦٨ ، التوانسي : ياقوت الحموي ،ل٦٩ ، الطوني : ريف الموصل ، ل٤٧ .

٢٣- أنباه الرواة ، له ((المنجد)) وەرگیراوە : أعلام التأريخ والجغرافية ،ل٦٩ .

٢٤- التوانسي : ياقوت الحموي ،ل٦٨ ،أعلام التأريخ والجغرافية ،ل٦٩ .

٢٥- هەمان سەرچاوە .

٢٦- وفيات الاعيان ، ١٣٩/٦ ، تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٩/١ ، التوانسي : ياقوت الحموي ،ل٧٥ ، في الجغرافية العربية ، ل٣٨٦ .

٢٧- هەمان سەرچاوە .

٢٨- وفيات الاعيان ،١٣٩/٦ ،ياقوت حەمەوی لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕەکانی خەواریجەکاندا بوو ،نووسینەکانیان دەخوێندەوەو ڕایەکانی ئەوانی لا پەسەند بوو ، کاتێك لە شاری (دیمەشق) بوو لە یەکێك لە بازاڕەکانیدا پیاسەی دەکردو دەسوڕایەوە ، لە گەڵ هەندێك لە شیعە توندڕەوەکان دا کەوتە موناقەشەکردن و گفتوگۆ کە ئەوان بە دەمارگیریەوە لایەنی عەلی گوڕی ئەبوتالیبیان دەگرت ئیدی قسەکرا لە نێوانیاندا و یاقوتیش هەندێك شتی سەبارەت بە ئیمامی عەلی گوت کە بەدڵی ئەوان نەبوو بۆیە هێندەی نەمابوو بیکوژن ،گەر بە پەلە ڕاینەکردبایەو دیمەشقی جێنەهێشتایە بەرەو (حەڵەب) هەر بۆیە نەیدەوێرا بگەڕێتەوە بۆ (بەغداد) چونکە ئەو کەسەی کە موناقەشەکەی لەگەڵ کردبوو خەڵکی بەغدا بوو، بۆیە دەترسا کە قسەکانی بگێڕێتەوە و بیکوژن ((وفيات الاعيان ، ١٢٨/٦ ، التوانسي : ياقوت الحموي ،ل٤٧ )).

## بەشی سییەم

**پێشەکی کتێبی ( معجم البلدان ) :**

گرنگی دان بەبەرهەمەکانی یاقوتی حەمەی لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکرد کاتێك ئەو دەست نوسانەی ـزەیان کرد بۆ ئەوروپا، بەلام ناوەرۆکی تەواوی کتێبی ( معجم البلدان ) تا سالّی ١٨٦٠ ز ڕووناکی نەبینی و چاپ ـنەکرا،کەبۆ یەکەم جار لە نێوان سالانی ١٨٨٦ - ١٨٧٣ ز لە شەش بەرگدا بە چاپ گەیەندرا [1].

ئەو ئەرك و ماندووبونەی یاقوت کێشاویەتی لە ( معجم البلدان )دا بە مەزنی و گەورەیی دەناسرێت، چونکە ژمارەی لاپەرەکانی لە یەکەم چاپی ئەوروپیدا کە ( ویستنفلد ) دەری کرد گەیشتە سێ هەزار و هەشت سەدو نەوەدو چوار لاپەرە ( ٣٨٩٤ ) کە بەسەر چوار موجەجەلەدی گەورەدا دابەش ببوو، وێرای دوو موجەلەدی تەواوی دیکە کە (ویستنفلد ) بۆ ڕاو بۆچونی خۆیو ڕوون کردنەوەوەکانی تەرخانی کردبو، هەروەها ئەو فەرهەنگە نزیکەی پێنج هەزار ( ٥٠٠٠ ) دێرە هۆنراوەی لە خۆگرتبوو [2] .

یاقوت فەرهەنگەکەی بە پێشەکیەکی دوور و درێژ دەست پێدەکات کە لەوێدا باس لە هۆیەکانی دانانی ئەو کتێبە دەکاتو مەبەستو ڕێبازی خۆی لە لێکۆلینەوەکەدا ڕوون دەکاتەوە .. بە سوپاسو ستایشی یەزدان دەست پێدەکاتو دەلێت(( سوپاس بۆ ئەو خوایەی زەوی ڕێكو ڕاست ڕاخستووەو شاخەکانی وەك کۆلەکە ڕاگرتووەو لەوەدا ئاوەدانی و تەختایی و بیابان و شارانی دروست کردووە، بەندەکانی خۆی ڕێنمایی کردووە کە پەناگەوخانوو بۆ خۆیان دروست بکەنو پتەوی بکەن، ئەوانیش وولاتو شارانیان ئاوەدان کردۆتەوەو خانوو دالدەیان بنیاد ناوە ))[3]. گەر بێتو لە دێرەکانی سەرەتای یاقوت وردبینەوە کە فەرهەنگەکەی دەست پێدەکات تێبینی ئەوە دەکەین کە ئاماژە بە یەکەم سیما لە سیماکانی ژیانی مرۆڤایەتی بالا دەکات، ئەویش جێگیر بوونە لە شاراندا ئەوەش بەرێنمایی یەزدانی مەزن، دواتر یاقوت بابەتی کتێبەکەی دیاری دەکاتو دەلێت :-(( ئەمە کتێبێکە سەبارەت بەناوی وولاتانو دۆلو شاخەکان، قولاییەکانو گوندو شوێنەکانو نیشتمانەکانودەریا و ڕووبا و جۆگا و بەردو بتو سەنەمەکان )) [4] .

یاقوت پاش ئەوەی بابەتی کتێبەکەی دیاریکرد، دەست دەکات بەڕوون کردنەوەی ئەو پالنەرانەی هانیان داوە بۆ دانانی ئەو کتێبەو دەلێت ( مەبەستم لە دانانی ئەم کتێبە گەمەو گالتە نەبوو، ئارەزوو یاترس نەبووە، غەریبیو بیری نیشتمانەکەم هانی نەدام بەلکو ئەو کارەم بە ئەرکێکی گەورە زانی بۆیە پێی هەستام، خوای گەورەو قورئانی پیرۆز دەستیان گرتو ڕێنماییان کردمو سەریان خستم ) [5] .

یاقوت ئەوە ڕت دەکاتەوە کە لەپێناوی ئارەزوویەکی تایبەتدا بەدانانی ئەو کتێبە یابۆ خۆنزیك کردنەوە لەکەسێك بووبێت بەلکو لە ناخیدا هەستی بەوە دەکرد کە ئەرکێك لە ئاینی پیرۆزو قورئاندا خۆی دەنواند پالنەری بووە بۆ دانانی ئەو کتێبە، دەشێت بە پشت بەستن بە قسەکانی خودی خۆی بلێین پالنەری ئاینی یاقوتی هانداوە بۆنوسین و دانانی( معجم البلدان ) .

دواتر یاقوت باس لە گرنگی زانستی جوگرافیاو پێویستیەکانی بۆ مرۆڤ دەکات بە پێی جیاوازی پلەو پایەیان کە ژیانیان کامل نابێت بەبێ زانستی جوگرافیا، دواتر لۆمەی ئەوانەی پێش خۆی دەکات کە ئەو زانستەیان پشت گوێ خستوەو نموونەبۆ قسەکانیدێنێنەوە بەو کتێبانەی کە زۆر گرنگی بە نوسینو ڕێکخستنی دراوە بەلام لەگەل ئەوەشدا بێکەمو کوڕی نەبووە لە شێواندنی ناوی ناوچەو شوێنەکان کە تێیدا هاتووە، دەلێت :(( زۆرکەم ئەو کتێبانەم بەر چاو کەوتووە کەلە جوان نوسیو سەرو بۆردا بێ کەمو کوڕین بەلام لە دانانی ناوی شوێنو جێگەکاندا

پشت گوێ نەخرابن و لە ڕاستەرێ لانەدرابێت نوسەرەکەی لە نەزانیدا پشت گوێی خستووە، بە واهیمە بەمەش نوسیویەتیەوە )) [٦] .

هەروەها یاقوتی حەمەوی ئامارژەی بەوە دەکرد کە پەیوەندیەکی بەتین لە نێوان زانستە جوگرافیەکان و تە ئیسلامیەکاندا هەیە[٧] دواتر یاقوت دەچێتە سەر باسکردنی پێویستی ( ژیاننامە نوسی و سەرگوزشتە گێڕەوی مێژوونوسی و شوێنەوارناسی ) بۆ زانستە جوگرافیەکان و دەڵێت ( پێویستی ئەوانە بۆ زانستی جوگرافیا وەك پێویستی نەخۆشێکە بۆ تەندروستی باش، پاش ئەوەی دوای بێ هیوایی لە چاك بوونەوە دەکەوێتەوە سەرێ چونکە ئەوە بۆ ئەوان پشت و پەنای زانستەکانیانەو، زۆر کەم هەڵدەکەوێت پەڕەیەك یا تەنانەت دێڕێك لە کتێبەکانیان بێ جوگرافیا تێپەڕێت ) [٨] .

دوای ئەوە یاقوتی حەمەوی باس لە پێویستی ئەستێرە ناسان و دانایان دەکات بە زانستی جوگرافی و دەڵێت : (( پێویستی ئەمانە بۆ زانستی جوگرافیا هیچ لە پێویستی ئەوانەی پێشوتر کەمتر نیە، چونکە پزیشکان بۆ ئارەزوو هەوەسی میللەتان پێویستیان پێیەتی، بەڵام ئەستێرەناس بۆ زانینی خولگەو شوێنی ئەستێرەکان پێویستیەتی چونکە ئەوان هیچ بڕیارێکیان لەسەر هیچ وڵاتێك نەدەدا بێ زانینی شانس و خولگەی ئەستێرەکان و بە چاك و بەخراپە توخنی نەدەکەوتن بێ زانینی شوێن و هەرێمەکانی )) [٩] ، پاشان یاقوت دێتە سەر باسکردنی سودی ئەم زانستە بۆ خەڵکانی ئەدیب و ئەدەب دۆست و دەڵێت : (( بەڵام ئەهلی ئەدەب ئەوا زۆر پێویستیان پێیەتی چونکە لە بنەماکان و پێویستیەکانی زمانەو کۆڵەکەو بەڵگەی نەحوە، چونکە شاعیر شیعرەکانی خۆی بە باسکردنی ئەوانە جوان دەکات وەك بریسکەی ووردە مرواری)) [١٠] ، لێرەدا یاقوت هەوڵدەدات لە بۆچونەکەیدا بە پێویستی ئەدەب دۆستان بۆ زانستی جوگرافیا بەڵگەو نمونە بهێنێتەوە، بۆ ئەوەی ڕایەکانی خۆی زیاتر ڕوون بکاتەوەو بەهێزتری بکات، بەڵام سەبارەت بەو هۆیە ڕاستەوخۆیەی یاقوتی حەمەوی هانداوە بۆ دانانی فەرهەنگەکە ئەوا دەڵێت: (( یەکەم هاندەرم بۆ کۆکردنەوەی ئەم کتێبە ئەوە بوو کەلە ساڵی ٦١٥ ك لە ( مرو شاهنجان) لە دانیشتنێکدا لای شێخەکەمان ( ئیمام سعید تاج الاسلام ابن سعد عبدالکریم السمعانی ) سەبارەت بە ووشەی ( حەباشە ) پرسیاریان لێکردم، کە ناوی شوێنەکە لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتووە، ئەویش ناوی بازاڕێکی عەرەبەکانە لە سەردەمی جاهلیەتدا، منیش ووتم وای بۆ دەچم کە ( حوباشە ) کۆمەڵە خێڵێکن لە چەندین تیرەو هۆز، کە لێرەدا خۆی واتای کۆکردنەوە دەگەیەنێت واتە شتێك کۆکراوەتەوە، ئەوە بوو یەکێك لە نێو دانیشتووەکاندا لێم ڕاستبۆوەو ووتی نەخێر ( حەباشە )یە نەك ( حوباشە ) وەزۆر سور بوو لەسەر قسەکەی خۆی بێ ئەوەی بەڵگەی بە دەستەوە بێت، منیش ویستم بەهێنانەوەی دەقێك ناڕەزاییەکەی کۆتایی پێ بهێنم )) [١١].

پێدەچێت ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان یاقوت و ئەو پیاوەدا ڕویداوە کە زۆر بە دەمار گیریەوە بەرگری لە ڕایەکەی خۆی کردووە، هۆی ڕاستەوخۆ بێت کەوای لە یاقوت کردووە سەر بەسەر کتێبی سەیرو سەرچاوە جۆراو جۆرەکاندا بگرێت، دواتر دەست بکات بە نوسینی ( معجم البلدان ) بەپێی قسەکەی خۆی کە دەڵێت:(( ئەو کاتە ئەوەم بەبیردا هات کە جیهان پێویستی بە سەرچاوەیەك هەیە لەم بارەیەوە، بەووردی ڕێك خرابێت و ووشەکانی ڕاست کرابێتەوە )) [١٢] ،پاشان یاقوت دێتە سەرباسکردن و ناوهێنانی ئەو زانایانەی کتێبیان هەیە لە زانستە جوگرافیەکانداو دەڵێت:(( ئەوانەی پێش خۆمان سەبارەت بەناوی شوێنەکان کتێبیان نوسیوەو ئێمەش شوێن پێی ئەوانمان هەڵگرتووەو چاومان لێکردوون، ئەوانەش دوو کۆمەڵن هەندێکیان مەبەستیان لە نوسینەکانیان، نوسینی ناوی شارە ئاوەدان و

وڵاته پڕ له دانیشتوانه‌کان بوو )، هه‌ندێکیش مه‌به‌ستیان ناو هێنانی بیابان‌و چۆڵه‌وانیه‌کان بووه، ته‌نها ناوی بنه‌ماڵه عه‌ره‌به‌کانیان له‌ده‌نگ‌و باس‌و شیعره‌کانیاندا بردووه))[١٣] .

ئینجا یاقوت به درێژی ناوی ئه‌وانه‌ی پێش خۆی ده‌بات له بواره‌که‌دا، به‌ڕای ئه‌و به‌شی یه‌که‌م خۆی له پێشینه‌کان دانا و فه‌یله‌سوفه‌کاندا ده‌رده‌خات،وه‌ناوی(ئه‌فلاتون‌و فیثاگۆرس‌و به‌تلیمۆس‌و ئیبن خردزابه‌و جیهانی‌و ئه‌سته‌خری‌و ئیبن حه‌وقه‌ل) ده‌بات، به‌ڵام به‌شی دووه‌میان به‌ڕای ئه‌و له پیاوانی ( ئه‌ده‌ب )دا خۆیان نیشان ده‌ده‌ن، له‌وانه :ـ( الاصمعي- السكوفي - الحـــازمي ) له‌هه‌مان کاتدا یاقوتی حه‌مه‌وی ڕه‌خنه له‌و کتێبانه ده‌گرێت‌و لایه‌نی چاکه‌و خراپه‌یان باس ده‌کات‌و له‌به‌ر ڕۆشنایی ئه‌و ڕه‌خنانه‌دا بنه‌ما ڕاست‌و دروسته‌کانی ڕێبازه‌که‌ی خۆی ده‌ست نیشان ده‌کات له دانانی ( معجم البلدان )دا که ده‌شێت به‌م چه‌شنه کورتی بکه‌ینه‌وه .

١- ڕێکخستنی ئه‌و زانیاریانه‌ی زاناکان به په‌رتی بڵاویان کردۆته‌وه یا هه‌ڵه‌یان تێدا کردووه، له‌گه‌ڵ زیاد کردنی ناوی ئه‌و وڵاتانه‌ی پشت گوێ خراون .

٢- ڕێکخستنی ناوی وڵاته‌کان به‌پێی پیته‌کانی فه‌رهه‌نگه‌که، چونکه ئه‌وه یارمه‌تیده‌ر ده‌بێت له ڕێکخستنی‌وله‌خستنه ڕووی ناوی شوێن‌و وه‌رگرتنیان .

٣- گرنگی دان به ڕێکخستنی ناوه‌کان له‌سه‌ر شێوازی زمانه‌وانه‌کان‌و باسکردنی چاوگ‌و داتاشراوه‌کانی گه‌ر هاتوو ووشه‌که عه‌ره‌بی بوو، ده‌رخستنی واتاکه‌ی گه‌ر هاتوو بێگانه بوو ( اعجمی ) بوو .

٤- ده‌رخستنی ئه‌و هه‌رێمانه‌ی ئه‌م شارانه‌ی تێدایه‌و تالعه‌که‌ی که‌له ئه‌ستێره‌کاندا به‌سه‌ریه‌وه‌یه‌تی .

٥. گرنگی دان به‌ناوهێنانی ئه‌وانه‌ی شاره‌کانیان بونیاد ناوه‌و وولاتانی به‌ناوبانگی تری دراوسێیان‌و ماوه‌ی نێوانیان‌و به‌چی ده‌ناسرێن‌و تایبه‌تمه‌ندیان چیه‌و چ سه‌یرو سه‌مه‌ره‌یه‌کیان لێ‌ده‌گێڕێته‌وه،چ پیاوچاک‌و گه‌وره‌ویارانی پێغه‌مبه‌ری تێدانێژراوه، هێنانه‌وه‌ی ئه‌و شیعرانه‌ی بۆیان هۆنراوه‌ته‌وه .

٦- ده‌رخستنی کات‌و سه‌رده‌می فه‌تح کردنیان له‌لایه‌ن موسڵمانانه‌وه، چۆن فه‌تح کراون، کێ فه‌رمانڕه‌وای بووه، به‌ئاشتی یاخود به‌شه‌ڕ فه‌تح کراوه، مه‌به‌ستیش له‌وه دانانی هه‌ڵوێستی ئه‌و شاره‌یه له‌مه‌ڕ حوکمی له ( الفئ )و جزیه .

٧- ده‌رخستنی ئه‌وه‌ی ئاخۆ له سه‌رده‌می ( یاقوت )دا کێ فه‌رمانڕه‌وایی بووه[١٤] .

یاقوت له به‌رده‌م چه‌ندین گێڕانه‌وه‌و سه‌ر گوزشته‌دا بوو، وه‌ك باسی لێ ده‌کات به دوای هه‌موو شتێکدا چووه که په‌یوه‌ندی به هه‌ر شارێکه‌وه بوبێت، ویستویه‌تی له فه‌رهه‌نگه‌که‌یدا زۆرترین ڕاده‌ی سودو زانیاری کۆبکاته‌وه، له‌به‌ر ئه‌وه فه‌رهه‌نگه‌که‌ی پڕ کردووه له هه‌موو شتێك له هه‌مان کاتدا خوێنه‌ر له‌وه ئاگادار ده‌کاته‌وه که‌هه‌ندێك جار باس له‌شتێك بکات که‌له‌عه‌قڵ به‌دووره‌ولێ‌ی بێ ئاگایه ، جارێکی دیکه له‌وه‌یه بکه‌وێته هه‌ڵه‌یه‌کی نه‌ویستراوه‌وه ، یاقوتی حه‌مه‌وی ده‌ڵێت :ـ(( به‌دوای سودو زانیاریدا گه‌ڕاوم بۆت، زۆربه‌ی یا هه‌مووی، ته‌نانه‌ت هه‌ندێك شتم باس کردووه عه‌قڵ ڕه‌تی ده‌کاته‌وه، ئاره‌زوو نه‌فره‌تی لێده‌کات به‌هۆی دووریه‌وه له نه‌ریته باوه‌کان‌و نه‌گونجانی له‌گه‌ڵ شته زانراوه‌کاندا .. من خۆم گومانم لێ‌ی هه‌یه‌و لێ‌ی بێ‌به‌ریم‌و له ڕاستی ئه‌وانه به‌دوورم به‌ڵام له‌به‌ر به‌ته‌نگه‌وه هاتنی سوده‌که‌ی نوسیومه گه‌ر ڕاستبوو ئه‌وا سودی لێ وه‌ردگرین، هه‌ڵه‌ش بوو ئه‌وا به پێچه‌وانه‌وه ،چونکه من وه‌ك خۆی چۆن بووه، ئاوه‌ها نوسیومه‌ته‌وه من ڕاستگۆم له نوسینه‌وه‌دا وه‌ك خۆی جاڕاست بێ یان هه‌ڵه[١٥] ، به‌ڵام لێره‌دا ڕه‌خنه‌ی ئه‌وه له قسه‌کانی یاقوت ده‌گیرێت که پاساوه‌کانی لاوازن، چونکه ئه‌وه‌ی ده‌یڵێت له‌وه ڕزگاری ناکات که خۆی له لێکۆڵینه‌وه‌یان بواردووه‌و له کاتێکدا ئه‌و خۆی ده‌ڵێت که کتێبه‌که‌ی بۆ ئه‌وه داناوه هه‌ڵه‌ی ئه‌وانه‌ی به‌ر له خۆی ڕاست بکاته‌وه، چاکتر وابوو خۆی له قه‌ره‌ی بابه‌تێك نه‌دایه که گومانی له ڕاست‌و دروستی هه‌بێت، دواتر ئه‌و خۆی

دەڵێت کە کتێبەکەی وێنەی نیەو کەس ناتوانێ هاوشێوەی بنوسێت، لەم بارەیەوە دەڵێت :((ئەم کتێبەی من لەبوارەکەی خۆیدا تاکەو لە هاوشێوەکانی جودایە، کەسێك ناتوانێ هاوشێوەی بنوسێت ئەگەر خوا پشتی نەگرێتو لە پێناویدا هەموو ڕێگایەك نەگرێتە بەر، جارێك بەرەو پێش دەچێتو جارێکی دیکە داوای هانا دەکاتو خۆی بۆ تەرخان دەکات لە لاویداو لە گەرموگوڕیدا گەر تەمەن یاریدەی بداتو بۆی هەڵکەوێ، وە دەبێت نیشانەکانی بە تەنگەوە هاتنو بزاوتنو جوڵەیەکی لێ بەدەرکەوێت ))[16] بەڵام ئەوەی یاقوت سەبارەت بە ( معجم البلدان ) دەیڵێت لەگەڵ تەوازوعی زانایانی هاوشێوەیدا ناگونجێت، ( معجم البلدان ) پێویستی بەو قسەو ستایشانە نیە ، چونکە ئەو ئەركو ماندووبونەی کێشاویەتی ڕوونوئاشکرایە بۆ لێکۆڵیارێکی خاوەن ویژدانو گەواهیدەری پێشڕەوی ئەوە لە زانستە جوگرافیەکانداو ئەو کاتەی بەنوسینی ئەو کتێبەوە سەرفی کردووە، چاکتر وابوو لەو قسانەی بێبەری بکاتو ستایشو شانازی بە ئەرکەکەیەوە نەکات . هەروەها یاقوت ئەوانە ئاگادار دەکاتەوە کە هەوڵی کورت کردنەوەی کتێبەکەی بدەن، زۆر بەتوندی داواکاری ئەو خوێندکارانەی ڕەت کردۆتەوە کە ئەو داوایەیان لێکردووەو، دەڵێت:(( ئەو کەسانەی سود لەم کتێبە وەردەگرنوبەکاری دەهێنن، پێویستە ڕنجو ماندووبونم وون نەکەن، بەوەی کەرەستەکانم پەرتو بڵاوبکەنەوە یائەوەی هەڵمبەستووە هەڵیبوەشێننەوە و کورتی بکەنەوە، باشیەکەی بشێوێنن[17]. لەبارەی خەوشەکانی کورت کردنەوەی کتێبەکە نموونە بە بەسەرهاتێکی ( جاحظ) دەهێنینەوەو دەڵێت (جاحظ) کتێبێکی دانابوو، دابەشی کردبوو بەسەر چەند بەشێکداو لێکی جودا کردبۆوە، هەندێك لە خەڵکانی هاوسەردەمەکەی بەرهەمەکەیان بردبوو، کورتیان کردبۆوەو پارچە پارچەیان کردبوو، ئەویش کتێبەکەی هێنابوو وتبووی ( فلان )، کتێب وەك وێنە وایە من لە کتێبەکەمدا وێنەیەکم کێشابوو دوو چاوی هەبوو بەڵام تۆ کوێرت کردوون ، خوا کوێرت کات، وە دوو گوێیان هەبوو تۆ هەڵت کەندوون، خوا گوێت ببڕێت، دوو دەستی هەبوو ، تۆ بڕیوتە، خوا دەست بڕێت .دواتر کابرا داوای لێبوردنیلێکردبوو کە ئەو نرخەی نەزانیوەو تۆبەی کردبوو کە جارێکی دیکە دووبارەی نەکاتەوە[18].

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم :

١- كراچكۆفسكی :تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٦/١ .
٢. تأريخ الادب الجغرافي ،٣٣٥/١-٣٣٦ ،الطوني :ريف الموصل ،ل٤٧ .
٣. معجم البلدان ،٧/١ .
٤. هەمان سەرچاوە ، ٧/١ .
٥. هەمانسەرچاوە ، ٧/١ .
٦. هەمان سەرچاوە ، ٧/١ .
٧. هەمان سەرچاوە ، ٨/١.
٨. هەمان سەرچاوە ، ٨/١-٩
٩. هەمان سەرچاوە ، ٩/١ .
١٠. هەمان سەرچاوە ، ٩/١ .

**١١. هەمان سەرچاوە ، ٩/١ .**

**١٢. هەمان سەرچاوە ، ١٠/١ .**

**١٣. هەمان سەرچاوە ، ١٠/١ .**

**١٤. هەمان سەرچاوە ، ١١/١ .**

**١٥. هەمان سەرچاوە ، ١٢/١ ، التوانسي** :ياقوت الحموي ،ل١١٠-١١١ .

**١٦. هەمان سەرچاوە ، ١٢/١ .**

**١٧. هەمان سەرچاوە ، ١٣/١ .**

**١٨. التوانسي** :ياقوت الحموي ،ل١١٧ .

## بەشی چوارەم

## ڕێبازی یاقوتی حەمەوی لە دابەش کردنی کتێبەکەی و خستنە ڕووی ناوەڕۆکەکەیدا:

یاقوتی حەمەوی‌فەرهەنگەکەی بە بەراییەك دەست پێدەکات کە ڕاستەوخۆ بەدوای پێشەکیەکەیدا دێت، لە پێنج بەش پێك دێت باس لە چەند بابەتێك دەکات وەك جوگرافیای سروشتی و هەندێك زاراوەو دەنگو باسی هەندێ وولاتان کە پەیوەستن بە کارە زانستیەکەوە.

لەبەشی یەکەمدا باس لە سیفەتی زەوی دەکات و ئەو شاخ و دەریایانەی تێیدایە، تیۆریا جۆر بەجۆرەکان دەخاتە ڕوو سەبارەت بە شێوەی زەوی، زیاتر وای بۆ دەچێت کە زەوی خڕەو لایەنەکانی فەلەك لە هەموو لایەکەوە وەك موگناتیس بە کێشی دەکەن[1] . لە وێناکردنی زانیاریە جوگرافیەکانی سەبارەت بەزەوی پشت بە قورئان دەبەستێت دواتر پشت بەو ووتانە دەبەستێت کە ئەوانەی پێش خۆی لەو بارەوە باسیان لێکردوون دەڵێت ( قال الله عز وجل الم نجعل الارض مهادا والجبال اوتادا ... ) ، زاناکان سەبارەت بە هەڵکەوت و شێوەی زەوی ناکۆکن هەندێکیان دەڵێن تەخت ـە انە لەهەر چوار لاوە لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو باکوورو باشوورەوە، هەندێکیان وای بۆ دەچن کە وەك شێوەی زری) بێت، هەندێکی دیکەیان پێیان وایە کەوەك مێز وایە، هەندێك پێیان وایە شێوەی زەوی وەك ( دەهۆڵ )ە بەڵام چاکترین ڕایەك کە بیبیستم ئەوەیە کە ( محمد کوڕی ئەحمەدی خوارزمی )دەیگێڕێتەوە، دەڵێت ( زەوی لە ناوەڕاستی ئاسماندایە،ناوەڕاست لەڕاستیدا واتە ژێرەوە، زەوی بەگشتی خڕەو بەشێکی بەرزو نزمە لەلای شاخە دەرپەڕیوە دیارەکان، زەویە ژێر ئاوکەوتووەکان گەرئەو بەرزی و نزمیە نەبوایە ئەوا ئاو لە هەر چوار لاوە دەوری دەدا دایدەپۆشی و هیچی لێبەدەر نەدەکەوت و زەوی و ئاوەکە پێکەوە تۆپێکیان پێك دەهێنا، هەوا لە هەموو لایەکەوە دەوری دەدا )[2].

لە بەشی دووەمدا باس لە حەوت( هەرێم ) ە کە دەکات و داتاشراوو چاوگ و ناکۆکی لە چۆنیدا دەخاتە ڕوو ، هەروەها لیستی دوانزە بورجەکە دهێنێتەوەو ئەو وولاتانەش کە دەکەونە ژێر کاریگەریانەوە هەروەها باس لەو ڕێگا زانستیە پەیڕەو کراوەکان دەکات لە دیاریکردنی ڕوگەی هەموو شوێنێك لەسەر زەوی و دەڵێت:(( کۆمەڵە کەسانێك سەبارەت بەم حەوت هەرێمە ( اقلیم )ناکۆك بوون، ئاخۆ دەکەوێتە باکوور و باشوری زەوی یا بەتەنها دەکەوێتە باکوورەوە بەڵام چاوگ و داتاشراوی ووشەکە ( اقلیم ) ئەوا وای بۆ دەچوون کە ووشەیەکی عەرەبیە تاکەکەی ( اقلیم )ە و کۆیەکەی ( اقالیم )ە بۆیە ناونراوە ( اقلیم ) چونکە لە زەویەکی هاوتخوبی دابڕاوە واتە ( مقلوم )ە یان ( مقطوع ) [3] ە ، دواتر یاقوت باس لەو وولاتانە دەکات کە دەکەونە ژێر کاریگەری دوانزە بورجەکەوەو دەڵێت ( بورجی کاوڕ بابل و فارسی و ئازەربایجان و ئەللان و فەلەستین دەگرێتەوە، بەڵام بورجی گا، ماهان و هەمەدان و کوردە شاخاویەکان و مەدینەو قوبرس و ئەسکەندەریە دەگرێتەوە [4].

لە بەشی سێهەمدا ئەو ووشانە لێکدەداتەوە کەلەم کتێبەدا دووبارە دەبنەوەو ئەو زاراوانەش کەزۆر دووبارە دەبنەوە لە ( معجم البلدان )دا وەك ( البريد و الفرسخ و الميل و الكورە و الاقليم و المخلاف و الاستان و الطسوج و الجند والسكة والمطروأباذ والطول و العرض و الدرجتو الدقيقة ) دواتر زاراوە تایبەتیەکان وەك ( الخراج وغله الارض كالصلح و السلم والعوە والخراج و الفئ و الغنيمە و القطيعة)[5] .

لەبەشی چوارەمدا باس لە بۆچوونی ( فەقیهەکان ) دەکات لە حوکمی زەویەکانی ( الفئ ) و ( الغنیمە )و چۆنێتی دابەش کردنیان و پۆلێن کردنی وولاتە جیاوەزەکان کە موسڵمانەکان فەتحیان کردووە، ئەوەش بەپێی ئەو خەراجەی لە هەریەکێکیان کۆدەکرێتەوە . بەڵام بەشی پێنجەم و کۆتایی، زیاتر بەبەرایی و دەنگوباسی وولاتان و دانیشتوان و شوێنە جیاوەزەکان و دابەش کردنی شانشینەکان دەچێت بەپێی شوێن و پێگەو ڕەسەنیان لەپلەی یەکەمدا بابل دێت دواتر هند ئینجا چین و ڕۆم [٦].

یاقوتی حەمەوی دەڵێت : (( پاشا کۆنەکانی سەرزەویم بەسەر چەند چینێکدا دابەش کردووە، دانم بەوەداناوە کەهەموو پاشاکان پاشای بابل بەمەزن دەزانن، وەئەو یەکەم پاشای جیهانە ... لە مەزنیدا لە دوای خۆی پاشای هند دێت کە پاشای دانایی و سەرکەوتنە، چونکە لای پاشاکان دانایی لای پاشای هندەوە هاتووە، دواتر لە پلەو پایەدا پاشای چین لە دوای پاشای هند دێت ئەویش پاشای چاودێری و ڕامیاریی و کارزانیە .. لەدوای خۆی پاشای تورك دێت کە خاوەنی شاری ( کوشان )ە کە بە پاشای شێرو ئەسپەکان ناودەبرێت چونکە لە ناو پاشاکانی جیهاندا کەس لە پیاوەکانی ئەو ئازاتری نیەو لەو بوێر ترنیە بۆ خوێن ڕێژی)) [٧] .

دوای ئەم بەراییە یاقوتی حەمەوی دەست دەکات بە فەرهەنگەکەی کە بەسەر ( ٢٨ ) کتێبدا دابەشی کردوون بە ژمارەی پیتەکانی عەرەبی، وەهەر کتێبێك کراوە بە ( ٢٨ ) بەشەوە کە تێیدا پەیرەوی ئەوەی کردووە هەر ووشەیەك لەگەڵ یەکەم پیتدارێکی خستووەو ئەوەی پێویست بێت پێشی بخات پێشی خستووە بەپێی ڕێکخستنی پیتەکان کە پیتی ئەلف لە پێشەوە دێت ( بێ ) لە پێش ( تێ ) وە دێت ... بەم شێوەیە .

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم :

١- کراچکۆفسکی :تأریخ الادب الجغرافي ، ٣٤١/١ .
٢- معجم البلدان ، ١٦/١-١٧ .
٣- هەمان سەرچاوە ، ٢٥/١ .
٤- هەمان سەرچاوە ، ٣٢/١-٣٣ .
٥- هەمان سەرچاوە ، ٣٥/١-٤٣ .
٦- تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٤١/١ .
٧- معجم البلدان ، ٤٧/١ .

## بەشی پێنجەم

**کەرەستەو ناوەڕۆکی ( معجم البلدان ) :**

ئەو بابەتانەی کە یاقوتی حەمەوی لە ( معجم البلدان )دا باسی لێ کردوون جۆراو جۆرن و پڕن لە زانیاری سەبارەت بە وولاتانی ئیسلامی[1] بەتایبەت لە ڕێکخستن و دەست نیشان کردنی ناوی شوێن و وولات، یاقوت لە ڕێبازەکەیدا هەوڵدەدات دەقە مێژوویی و جوگرافی و ئەدەبیەکان کۆبکاتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان، بۆ نموونە لە زۆر جێگەدا بەڵگەو نموونەی شیعری بەکار دەهێنێت لە کە ژمارەیان دەگاتە پێنج هەزار ( ٥٠٠٠ ) دێڕە شیعر[2] ئەوەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی کە هاوشانی گەڕیدەیی یاقوت بووە لە زۆر شوێنی کتێبەکانیدا کە خستویەتیە خزمەت گەڕیدەیی و شاران گەڕیەکەی، بۆیە دەبینین بەشێوەیەکی ڕەمەکی ئەم نموونە شیعرانەی بەکار نەهێناوە ، بەڵکو وەك هاوشان و تەواوکەری ڕێبازەکەی هاتووە[3] ، لەو شاعیرانەی شیعریان بە نموونە دهێنینەوە (المتنبی – الأحوص – البحتری)و ئیدیکە.

بەم شێوەیە یاقوت حەمەوی لە سەرەتادا هەوڵدەدات ناوی شوێن و شارەکان ڕێکبخات و جێگیربکات، هەروەها لەهەمان کاتدا دەیەوێت چاوگ و بنەماو داتاشراوی ئەو ناوانە بدۆزێتەوەو ڕونی بکاتەوە، ناوەکە لە ناوەڕۆکی زمانی عەرەبیەوە شی بکاتەوە، ئەگەر هاتوو ناوێکی بێگانە (عەجەمی) بوو ئەوا واتاکانی لێکبداتەوە. دوای ئەوە دێتە سەر نەریتی قسە کردن سەبارەت بە لایەنی گەردون و فەلەکی شوێنەکەو ئەو بورجەی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوەو دیاری کردنی درێژی و پانی شوێنەکە، دواتر ئاماژە کردن بە شوێنە مێژووییە ناسراوەکان و دراوسێیەکانی و دیاریکردنی ماوەکانی نێوانیان[4] .

بەڵام بەشی مێژوویی کە ڕاستەوخۆ بە دوای ئەم بەشەدا دێت ئەوا باس لە بنەمای شوێنە جوگرافییەکەو سەرهەڵدانی دەکات بەهۆی ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ جوگرافیای شوێنەکەدا هەیەتی، هەروەها قسە لەو ڕۆڵە مێژوویە دەکات کە گێڕاویەتی، ئەو جەنگانەی کەلەسەردەمی جاهیلیەت و ئیسلامدا روویان داوە کەی و چۆن فەتح کراوە، بەشەڕ یا بە ئاشتی، گەر هاتوو ناوی شوێنەکە لە قورئانی پیرۆزدا یا لە فەرمودەیەکی پێغەمبەردا (د.خ) هاتبوو ئەوا بەڵگەو نموونەی بۆ دەهێنێتەوە زۆرجار ئەو ئەفسانانەیسەبارەت بە شوێنەکە دەگێڕێتەوە هاوشانی ئەو زانیاریانە دەبێت، هەروەها باس لەو گەورە پیاو چاکانە دەکات کە تێیدا نێژراون و شاعیرە بەناوبانگەکانی[5] .

هەروەها یاقوتی حەمەوی زانیاری و کەرەستەیەکی باشی لایەنی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات، لەم بارەیەوە ئاماژەیەکی زۆری کردووە بە گۆڕی وەلی و پیاوچاکان و ئەو دێرو کڵێسایانەیسەردانی کردوو، یا سەردانی کردنی خەڵکی بۆ ئەو شوێنانە یا دەرچونیان بۆسەیرانگاکان هەروەها هەندێك جار چەند دەقێك سەبارەت بە رووداوو کارەساتە سەیرەکان دەگێڕێتەوە تاوەکو جۆرێك لە خۆشی و ئاسودەیی بخاتە دەرونی خوێنەرەوە، جگە لەوە وەسفی خوونەریت و ئاکاری هۆزو گەلەکانمان بۆ دەکات و کە بە چ سیفەتێك بە ناوبانگن، هەندێك جار باس لە وردەکارییەکانی قەڵاو کەنارە جۆر بەجۆرەکان دەکات[6].بەم شێوەیە دەبینین یاقوتی حەمەوی لایەنی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ئەو وولات و شارانە پشت گوێ ناخات، بەڵام ئەم زانیاریانە لە هەموو شوێنەکاندا بە هەمان وردی و

**تێروپڕی نەهاتوون، بەڵکو زۆر شوێن هەیە کە یاقووت ئاماژەی بە لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی نەکردووە، بۆیە زۆر جار دەبینین قسە کردن لەسەر شوێنێکی دیاریکراو درێژ دەبێتەوە، بۆ خۆی بە تەنها دەبێت بە وتارێکی سەربەخۆ، هەندێك جار درێژی دەگاتە پازدە لاپەڕە، لەوەش نییە هەموو بابەتەکانی فەرهەنگەکە بەم شێوەیە بێت، واتە هەموو لایەنەکانی تێدا باس کرابێت کە لە پێشتر ئاماژەمان پێکردبوو گە ربێتو لایەنی زمانەوانی جوگرافی بەردەوام باسیان لێوە بکرێت ئەوا بەشی مێژووبی هەندێك جار ون دەبێت، کاتێك باس لەشوێنێکی نەناسراو دەکرێت هەروەها هەندێك جار لایەنی ئەستێرەناسی و فەلەکی دیار نامێنێت و شوێنەکە تەنها بە شێوازێکی نزیکی دیار دەکرێت، بۆیە هەندێك جار دەبینین مادەکە تەنها بەیەك دێڕ باس دەکرێت لەگەڵ پێناسەکردنی ناوەکەی بە شێوەیەکی گشتی[(٧)] ، ئەوەش لەبەرئەوەی زۆری ناوەڕۆك و کەرەستەکەی وای کردووە هەندێك بابەت بەشێوەیەکی کورت باس کرابێت و روون و ئاشکرانەبێت، وێڕای ئەوەی وردی‌یەکەی لە کارەکەیدا ڕێگر نەبووە لەوەی کە هەندێك جار بکەوێتە هەڵەوە لە دەست نیشانکردنی هەندێك لە شوێنەکاندا[(٨)] .**

**لە کۆتایی دا وێڕای ئەوەی وتراوە سەبارەت بەوەی کە یاقوت لە (معجم البلدان ) باسی کردووە لە کتێبی ترەوە وەری گرتووە، یادەوترێت کە گەشت و گەڕانەکانی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بووە چونکە تەنها وڵاتانی موسوڵمانی گرتۆتەوە، بەڵام کتێبی (معجم البلدان) بە ئینسکلۆ پیدیایەکی مەزن دەژمێردرێت کە تێیدا یاقوتی حەمەوی زانستە جوگرافیەکانی ئاوێتەی زانستی شەریعەی ئیسلام و ئەدەب و مێژوو فەلەك کردووە ئەو هەڵانەش کە باسیان لێوە دەکرێت مەسەلەیەکی ئاسیاییە گە ر بێتو بەراورد بکرێت بە زۆری و چڕی و پڕی ناوەڕۆکی (معجم البلدان). هەروەها ئەو هەڵانەش کە لەهەندێ شوێنی معجم البلدان دا هاتووە هیچ لە گرنگی ئەو کتێبە مەزنە کەم ناکاتەوە.**

## <u>پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم :</u>

١- **یاقوت لە فەرهەنگەکەیدا ناوی هەندێك وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات وباکوور دەهێنێت بەڵام زانیاریەکان سەبارەت بەم وڵاتانە تێروپڕو تەواونەبوو ، بەشێوەیەك ناگاتە ئاستی زانیاریەکانی سەبارەت بە وڵاتانی ئیسلامی ، چونکە زانیاریەکان سەبارەت بە ئیتالیا بە شێوەیەکی گشتی باش نیە بەهەمان شێوە سەبارەت بە کۆرسیکا و لانگۆبردیە وکلابریاو ماڵتاو شوێنی دیکە ، وێڕای ئەوەی هەندێك جار دەبینین زانیاریەکی تەواوی هەیە سەبارەت بەم وڵاتانەی ڕۆژئاوا کە ئاماژە بە ئاگاداری وزانیاری یاقوت دەکات لە مەڕ ئەو وڵاتانەوە ، چونکە (ئەماری) دەڵێت :((یاقوت تاقە نوسەرە کە ناوی دوو نوسەری شوێن بزری سقلیە دەبات وباسیان دەکات ، ئەوانیش ((ابو علی حسن ، ١٠٥٠ ن)) و ((ابي قطاع ١١٢١ ن)) کەیاقوت سودی لێوەرگرتوون لە کاتی قسەکردن لە سەر سقلیە** ((تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٤٢/١-٣٤٣)) .

٢- تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٣٥/١ .

٣- الطوني : ريف الموصل ، ل٥١ .

٤- التوانسي :ياقوت الحموي ، ل١٤٧ .

٥- تأريخ الادب الجغرافي ، ٣٤٢/١ ، التوانسي : ياقوت الحموي ، ل١٧٥ .

٦- التوانسي : ياقوت الحموي ، ل١٧٦ ، الطوني : ريف الموصل، ل٥٢ .

٧- تأريخ الادب الجغرافي ،٣٤٢/١ ، التوانسي :ياقوت الحموي ،ل١٧٦ .

٨- الطوني :ريف الموصل ،ل٥٣ .

## گرنگی بەرئەنجامەکانی ئەم باسە

گومانی تێدانی‌یە گەشت و گەڕان هێندەی مێژووی ژیانی ئادەمیزاد دێرینە، چونکە هەر لەسەرەتای سەردەمە کۆنەکانەوە تا ساتەوەختی ئێستا مرۆڤ پێی ئاشنا بووە، هەرچەندە پاڵنەرەکان و ئامرازەکانی گەشت و گەڕان جیاواز بوبێت یان کەرەستەی گەشتەکە جۆراو جۆر بوبێت.

یاقوتی حەمەوی هێندە مەبەستی خودی گەشت و گەڕانەکە نەبووە بەڵکو گرنگی بەوە داوە کە کتێبێك سەبارەت بە زانستە جوگرافی‌یەکان پێشکەش بکات ، ئەو کەرەستە زانستی‌یە دەوڵەمەندەش کە پێشکەشی کردوین لەئەنجامی تێبینی راستەوخۆی دەستنیشانکردنی خودی خۆیەوە لە لایەنەکانی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەلایەتی ئەدەبی و زمانەوانی سەبارەت بەو شوێنانەی کە لە فەرهەنگەکەیداناوی هێناون بە ڵگەیەکی بەرچاو ەسەبارەت بەبەهاو گرنگی ماندووبونی یاقووت. هەروەها بەشێوەیەکی دەستپاکانەو راستگۆیانە لە کاتی تۆمار کردنی زانیاری‌یەکانی سەبارەت بەو وڵاتە موسوڵمان و ناموسوڵمانەکان بابەتەکانی نوسیوە ، بە شێوەیەك کۆمەڵێك بۆچوون و لێکدانەوەی گشتی پێشکەش بە خوێنەر دەکات سەبارەت بەو وڵاتانەو ئەو کۆمەڵگا موسوڵمانانەوخونەریتی وسیستەمە کۆمەلایەتی‌یەکانیان.

لەمەش بترازێ دەگەینە ئەو راستی‌یەی کە زانیاری و کەرەستەکەی یاقووت جۆراو جۆرو دەوڵەمەندەو گرنگی بە هەموو جیهانی ئیسلامی داوە، بەڵام زانیاری‌یەکانی سەبارەت بە رۆژهەلاتی ئیسلامی زۆر زیاترن لە زانیاریەکانی سەبارەت بە رۆژئاوای ئیسلامی، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی زانیاری کەمە سەبارەت بەو مەسەلانەی پەیوەستیان بە ئیسلامەوە نی‌یە چ لە رووداو یا شوێنەوار کە بینیویەتی یا تۆماری کردبێت و دەستنیشانی کردبێت بەبەراورد لەگەڵ زانیای‌یەکانی سەبارەت بە وڵاتانی ئیسلامی، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانەش دەتوانین بڵێین کە یاقوتی حەمەوی لەوەدا سەرکەوتوو بوو کەوا کۆمەڵێك بۆچون و وێنا کردنی خۆی سەبارەت بە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و دانیشتوانی پێشکەش بکات، ئەوەشمان بۆ روون دەبێتەوە کە یاقووت بابەتەکانی بە ششێوازێکی جوان و سەرنج ڕاکێش دەخاتە روو، وێڕای جوانی وەسف و گوزارشتەکانی، بەڵام بەهاو ئەرك و ماندووبونەکەی بە پلەی یەکەم بۆ فراوانی زانیاری و موسوعیەتی رۆشنبیری و بیرکردنەوەی خۆی دەگەڕێتەوە ،چونکە وەك زانایەکی مەوسوعی سەری هەڵدا، واتە لەو زانایانەیە کە لە کۆمەڵێك زانیارییدا بالادەستن و توانیویەتی جوگرافیاو ئەدەب و زانستەکانی شەریعەو زمانی عەرەبی و هتد ... کۆبکاتەوە لە یەك کاتدا.

لە کاتی لێکۆلینوەی کەرەسەکانی (معجم البلدان)دا ئەوەمان بۆ رون دەبێتەوە کە ئەو کتێبە شوێنێکی گرنگ لە نێو سەرچاوە جوگرافی‌یەکاندا داگیردەکات و بە یەکێك لە وردترین و فراوانترین سەرچاوەکانی دادەنرێت سە بارەت بە وڵاتانی ئیسلامی لە سەردەمی خۆیدا ، ئەوەش بە هۆی فراوانی ئەو زانیایانەی تێیدا هاتووە، زۆری بەکارهێنانی زاراوەکان تێیداو ووردی مادەو کەرەستەکانی، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە باری کۆمەلایەتی و ئابووری دانیشتوان و دابەش کردنە کارگێڕی‌یەکان و، لایەنی مێژوویی ئەو وڵاتانەی لە موعجەمەکەدا ناویان هاتووە، هەروەها لایەتی ئاینیان وێڕای ئەوەی ناوی ئەو شارانەی رێکخستووە.

هەروەها یاقووت حەمەوی توانیویەتی لە (معجم البلدان) دا چەندین دەستکەوت سەبارەت بە جوگرافیای سروشتی و شارستانی و ئابووری و مرۆیی و جوگرافی شارەکان کە یاقووت گرنگی‌یەکی زۆری پێ داوە بە تایبەت ئەو

**شارانەی کە خۆی بینیویەتی ویڕای زانیاری مێژوویی و ئۆپۆگرافی دەوڵەمەندو چڕو پڕ سەبارەت بەو شارانەی کە ناویان هاتووە، چونکە ئەو (معجم)ە بە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ دەژمێردرێت بە هۆی ئەو ڕوونکردنەوانەی سە بارەت بەو ڕووداوە مێژوویی‌یە گەورانەی کە تێیدا ڕوویداوە لە سەرەتای فەتحی ئیسلامەوە، هەروەها ناوی حاکم و دەسەڵاتدارو میرەکانیش دەبات کە حوکومڕانی ئەو شارانەیان کردووە، باس لە ناودارو زاناو فەقیهەکانیش دەکات، بەمەش ئەو سەرچاوەیە یاریدەی ئەو لێکۆڵیارانە دەدات کە مێژووی ئەو شارانەیان بەلاوە گرنگە.**

**لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کتێبی (معجم البلدان) کە یاقوتی حەمەوی نوسیویەتی بە کانگایەکی زانیاری جوگرافی و نموونەی کارێکی ڕێك و پێك دادەنرێت و، وێنەیەکی جیهانی ئیسلامە بەر لەوەی دەستی کاولکاری مەغۆلی پێبگات، وەك ڕۆژهەڵاتناسی روسی (کراچکۆفسکی) دەڵێت :-**

**ئەو (واتە یاقوت) پارچەکان و سەروبۆری ئەو کەرەسە جوگرافی‌یە مەزنە کۆدەکاتەوە کە بەدرێژایی شەش سەدە کەڵەکە بووە.**

## موارد البحث

### أولا: المصادر

**أبن الأثير** :عزالدين أبي الحسن بن عبدالكريم الجزري (ت ٦٣٠هـ / ١٢٣٢م)

١- الكامل في التأريخ ،دار صادر — بيروت،١٩٦٦م .

**أبن خلكان** :أبوالعباس احمد(ت٦٨١هـ /١٢٨٢م)

٢- وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان،تحقيق :احسان عباس ،دار الثقافة،بيروت،١٩٧١م.

**أبن كثير** :عمادالدين اسماعيل عمر القرشي الدمشقي(ت٧٧٤هـ/١٣٧٣م)ز

٣- البدايةوالنهاية في التأريخ، مكتبة المعارف ،بيروت ،مكتبة النصر ،رياض ،١٩٦٦م .

**أبن المستوفي** :شرف الدين أبي البزكات بن احمد الاربلي (ت٦٣٧هـ/١٢٣٩م).

٤- تأريخ اربل المسمى (نباهة البلد الخامل بما ورده من الاماثل)،تحقيق :سامي الصقار،دار الرشيد،بغداد،١٩٨٢م .

**ياقوت الحموي** :أبوعبدالله الرومي(ت٦٢٦هـ/١٢٢٨م).

٥- معجم الأدباء،دار احياءالتراث العربي،بيروت،لبنان،(بدون التأريخ) .

٦- معجم البلدان،دار صادر،بيروت،(بدون التأريخ) .

### ثانـــيـــا: المراجـــــع

**التوانسي** :أبوالفتوح محمد

ياقوت الحموي الجغرافي الرحالة والاديب ،الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر،سلسلة اعلام العرب(٩٣) ، مصر ،١٩٧١ .

**حسن** :محمد زكي

٧- الرحالة المسلمون في عصور الوسطى ، دار المعارف ، مصر ، ١٩٤٥م .

**خصباك** :د.شاكر

٨- في الجغرافية العربية(دراسة في التراث الجغرافي العربي)، مطبعة دار السلام ،بغداد،١٩٧٥م .

**زيادة** :نقولا

٩- الجغرافية والرحلات عند العرب ،دار الكتاب اللبناني، بيروت ،١٩٦٢م .

**الشامي** :صلاح الدين

١٠- الفكر الجغرافي ، سيرةو مسيرة ،منشأة المعارف ، الاسكندرية ،١٩٨٠م .

شحادة :سليم ميخائيل

١١- الجغرافية وجغرافي الاسلام ، مجلة المقتطف ،المجلد السابع ، الجزء الحادي عشر ،السنة السابعة ،مصر ،١٨٨٣م.

الطوني :يوسف جرجيس

١٢- ريف الموصل في مشاهدات ياقوت الحموي، مجلة المورد،المجلد الثامن عشر ،العدد الرابع ،دار الشؤون الثقافة العامة ،وزارة الثقافة و الاعلام ،بغداد ، ١٩٨٩ م .

الغنيم :عبدالله يوسف

١٣- مصادر البكري ومنهجه الجغرافي ،ذات السلاسل للطباعة والنشر والتوزيع ،الكويت ،مطبعة المدني ،القاهرة ،١٩٧٤ م .

فهيم :حسين محمد

١٤- ادب الرحلات ،عالم المعرفة ،العدد(١٣٨) ، الكويت ،١٩٨٩ م.

كراتشكوفسكي :اغناطيوس يوليا تفتش

١٥- تأريخ الادب الجغرافي العربي ، ترجمة :صلاح الدين عثمان هاشم ،مراجعة :ايفور يلياييف ،طبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر ، القاهرة ١٩٦٣ م .

المنجد :صلاح الدين

١٦- اعلام التأريخ والجغرافية عند العرب ،مؤسسة التراث العربي ،بيروت ،١٩٥٩ م .

# ياقوت الحموى

## سيرته وكتابه (معجم البلدان)

د.نەبەز مجيد امين


## الخلاصة

تقدم الكتب الجغرافية والرحلات معلومات قيمة عن الجوانب الحضارية للبحوث التاريخية هذا فضلا عن بعض اللمحات المتعلقة بالنواحي السياسية والعسكرية ، وتكاد تكون المعلومات التي تقدمها هذه الكتب مكملة لما تقدمه الكتب التاريخية ، ومما يزيد من قيمة هذا النوع من الكتب ان عددا كبيرا من مؤلفيها كتبوا ماشاهدوه فجاءت كتاباتهم صورة صادقة لما كانت عليه الجوانب التي وصفوها ، وهنا تبرز قيمة الرحلات لوصف الثقافات الانسانية في مجتمع معين خلال فترة زمنية محددة ، لذلك فان كتابات الرحالة أيا كانت توجهاتهم الفردية ونزعاتهم الشخصية تصور الى حد كبير بعض ملامح حضارة العصر الذى عاشوا فيه ، اضافة الى وصف ثقافات البلدان واحوال الشعوب التي اختلطوا بها ، فياقوت الحموى يقدم روايات شتى عن هذه النواحي جميعا ، فضلا عن انه يفيد الباحث في التاريخ بتحديده لمعظم المواقع في العالم الاسلامي حتى ولو كانت صغيرة و بعيدة ، ومما يزيد من اهمية ياقوت الحموى و قيمته العلمية هو ما انفرد به من منهج واسلوب الذى ميزه عن غيره من الجغرافيين .

# Yakut Al-Hamawi
# His bioggraphy and his source
# ((Mujam Al-Buldan))

**Dr. Nabaz Majeed Ameen**

## Summary

The journeys and the geographical sources present precious information about the cultural aspects of the historical researches ,this is in addition to same related military and hints.
What makes these sources seem more precious is that a great number of their authors wrote what they had witnessed and their writings were true versions of the aspects that have been described,thus the value of the journeys appear to describe the humaniterian cultures in a certain society and through out a certain period,so the writings of the globe-trotters , whatever their individual directions and personal attitudes were, show to a great extent some of the cultural features of their times as well as describing the cultures of the countttries and the situations of the situations of the peoples they contacted with .
Yakut Al-Hamawi presents different stories about all these aspects , further more the historical researchers make use of him for he determined most of the sites of the Islamic world whether far or small .what increases the importance of Al-hamawi and his style and method that separated him from other geographers.